گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper13

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 16/04/2023
ڕێـکەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# ئافرەت لە دیدی ڕۆژئـاواییەکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا (1961-1975)

**هێرۆ عەبدوڵا عومەر[1] - ڕەسول محەمەد ڕەسول[2]**

hao680h@hist.soran.edu.iq - rasoul.rasoul@soran.edu.iq

[1+2]بەشـی مێــژو، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵ و پێگەیی ئافرەتیان بەرز نرخاندوە، بە هۆی سروشتی کۆمەڵگاکەیانەوە کە هەمیشە بەبایەخەوە لە ئافرەتیان ڕوانیوە، لەدیدی ئەماندا لە چەندین ســەردەم و باوردۆخی جیاوازدا ئافرەت وەک تاکێکی گرنگی کۆمەڵگە کاریگەریی بەسەر بارودۆخی شۆڕش و ڕوداوەکانی جێهێشتوە.

شـــۆڕشـــی ئەیلول وەک خاڵێکی وەچەرخان لە مێژوی هاوچەرخی براڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا مایەی گرنگی پێدانی ڕۆژئاواییەکان بوە، بۆ ئەم مەبەســتە ســەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی شـۆڕشـیان کردوە، لەپاڵ شــیکردنەوەی بارودۆخی ســیاســی و ڕوماڵکردنی ڕوداوەکانی جەنگ، بەدواداچونیان بۆ چەندین لایەنی گرنگی ئەم شــۆڕشــە کردوە، ڕەوشــی کۆمەڵایەتی ناوچە ئازادکراوەکانی شــۆڕشــیان فەرامۆش نەکردوە، ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵکیان بە ڕەگەز و پێکهاتە جیاجیاکان پشــت گوێ نەخســتوە، لە نێوانیشــیاندا ئافرەت مایەی سەرنج و بایەخ پێدانیان بوە، وەک ڕەگەزێکی گرنگی کۆمەڵگە مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، بۆیە لەچەندین لایەنی جۆراوجۆری ژیانەوە سەرنج و تێبینییەکانیان لەسەر ئافرەت خستوتەڕو، لەدیدی ئەماندا هەرچەندە ژیان و بارودۆخی ئەم کاتی ئافرەت زۆر ســەخت بوە، بەڵام لەگەڵ ئەم ئاســتەنگ و ئاڵنگاریانە، لەسەردەمی شۆڕشدا تەواوکەر و یارمەتیدەری پیاو بوە.

**کلیلە وشە:** ئافرەت، ڕۆژئاواییەکان، شۆڕشی ئەیلول، ناوچە ئازادکراوەکان.

## ١-١ پێشەکی:

توێژینەوە لە بارەی (ئافرەت لە دیدی ڕۆژئاواییەکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا 1961–1975) بایەخ و ئەرزشی خۆی هەیە، بەتایبەت کە بیروبۆچونی ڕۆژئاواییەکانی لەبارەی چەندین لایەنی جیاجیای ژیانی ئافرەت لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش خراوەتەڕو، چونکە لەم قۆناغەدا ئافرەت بەکردار وەک نیوەی کۆمەڵگە و پاڵپشتییەکی تەواوی پیاو، ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، لەبەرئەوە دیدگا و زانیاری ڕۆژئاواییەکان کە لە ماوەی جیاجیادا سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشیان کردوە و سەرقاڵی ڕومالکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی جەنگ بون، ئاماژەی کورت و خێراو هەندێک کاتیش ورد و قوڵیان بە لایەنەکانی ژیانی ئافرەت هەبوە. لەپاڵ ئاماژەپێکردنی چەندین تایبەتمەندی و کار وچالاکی ئافرەت لەم سەردەمەدا کە ڕۆژئاواییەکان بەماوەییێکی کەم و دیاریکراوی سەردانەکانیان لە ژیانی ئافرەتاندا هەستیان پێنەکردوە.

**گرنگی توێژینەوە:** دیدی ڕۆژئاواییەکان لەبارەی ڕەوشی ژیانی ئافرەت لە سەردەمێکی هەستیاری وەک شۆڕشی ئەیلولدا گرنگە، چونکە سەرنج و تێڕوانینەکانی ئەمان چەندین لایەنێکی گرنگی ژیانی ئافرەتمان لەم سەردەمەدا بۆ دەخاتەڕو کە شیکردنەوەی بۆ نەکراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** تێڕوانین و دیدگای ڕۆژئاواییەکان لەبارەی ئافرەت جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە، بە ئامانجی گەیشتن بە چەند ڕاستییەک لەسەر زاری ئەمان و لێکدانەوەی جیاوازیان لەبارەی ژیان و تێکۆشانی ئافرەتان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا.

**گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە:** توێژینەوەکە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی: ئایا ڕۆژئاواییەکان لەو سەردەمەدا چۆن لە پایەی ئافرەتیان ڕوانیوە؟ ڕۆڵی سیاسیی و سەربازیی ئافرەتیان هەڵسەنگاندوە؟ شیکردنەوەیان بۆ کەسێتی و هەڵسوکەوتی ئافرەت کردوە؟ ڕەوشی ژیانی ئافرەتیان لەسەردەمی شۆڕشدا چۆن وێناکردوە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژینەوەکە زیاتر لەمیتۆدێکی لەخۆگرتوە، وەسفکردنی چەندین ڕوداو و بەسەرهاتی تایبەت بە ئافرەت، وایخواستوە پەیڕەوی میتۆدی وەسفی بکرێت، لەلایەکی تر بۆ شیکردنەوەی دید و بۆچونی ڕۆژئاواییەکان میتۆدی شیکاری بەکارهاتوە، چونکە ئەم میتۆدە لە خستنەڕوی بیرورا جیاوازەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان گرنگیەکی زۆری هەیە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان لەپوختە و پێشەکی و ئەنجام و پێنج تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە، سەرەتا دیدی ڕۆژئاواییەکان لەبارەی پێگە و کەسایەتی ئافرەت خراوتەڕو کە تیایدا چەندین

تایبەتمەندی لەبارەی ئافرەت لەم سەردەمەدا باسکراوە و هەڵسەنگاندن بۆ کەسێتی کراوە، لە تەوەرەی دوەمدا دیدی ڕۆژئاواییەکان لەبارەی ڕوخسار و شێوازی جلوبەرگی ئافرەت خراوتەڕو، لە تەوەرەی سێیەمدا ئەرک و بەرپرسیاریەتەکانی سەرشانی ئافرەت ئاماژەی باسکراوە، تیایدا ڕۆژئاواییەکان ئاماژەیان بە ژەندین ئەرکی جۆراوجۆری ئافرەتان داوە، لە تەوەرەی چوارەم ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵی ئافرەتیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی شۆڕشدا باسکردوە، لە تەوەرەی پێنجەم و کۆتاییدا ڕەوشی ژیان و بەسەرهاتی ئافرەت لە شۆڕشدا خراوتەڕو، کە تیایدا تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکانی بۆ چەندین لایەنی سەختی ژیانی ئافرەت لەم سەردەمەدا باسکراوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەپاڵ سەرچاوەی جۆراوجۆر، بە شێوەیەکی سەرەکی پشتمان بە سەرچاوە هاوچەرخەکانی سەردەمی شۆڕش بەستوە، بەتایبەتی ڕۆژنامەنوسە ڕۆژئاواییەکان کە لە چەندین ماوەی جیاجیادا سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشیان کردوە و هاوچەرخی ڕوداوەکانی بون، لەگەڵ بارودۆخی ئەم کاتی شۆڕشدا ژیاون و لە نزیکەوە ڕومالی ڕوداوەکانیان کردوە و سەرنج و تێبینی چەند لایەنێکی جۆراوجۆری ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەیان کردوە بەتایبەتی ئافرەت ئەمە لە لایێک لە لایێکی تر بۆ هەڵسەنگاندن و پڕکردنەوەی کەلێن و خستنەڕوی بابەتە ئاماژەپێنەکراوەکان، سەرچاوەی جۆراوجۆری تر بەکارهاتوە.

## ١-٢ پێگە و کەسایەتی ئافرەتی کورد:

ژنی کورد لە سەدەی (19) و دواتردا مایەی گرنگیپێدانی گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان بوە، وەکو ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی لە کۆمەڵگەدا لە ئافرەتیان ڕوانیوە، ڕۆڵی ئافرەت و تێبینیەکانیان لە لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیی خستۆتەڕو(Muhammad, 2017:176)، پێیانوابوە ئافرەت لە ناو ماڵەکەیدا گرنگی و پایەی تایبەتی هەبوە، هەروەک توێژەری دانیمارکی (هنسن) بە شاژنی ماڵ وەسفی کردوە (أحمد، 2015: 186). کە ماڵی بەڕێوەبردوە و گوێی بۆ پیاوەکەی گرتوە و بەرپرسیاریەتی سەرشانی کەمکردۆتەوە، لە پاڵ خەمی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە دڵێکی فراوان و عەقڵێکی بەهێز پێشوازی خزم و کەس و میوانی کردوە (غازی، 2020: 133)، لەدیدی ئەماندا کورد ڕۆڵ و گرنگی ئافرەت لە پاراستنی خێزاندا دەبینێت، شکۆ و پایەی خێزانی کورد بە ئافرەت پەیوەستکراوە (أل برینمان، 2010: 82، 95)، (ڕیچ)1 وەک گەشتیارێکی سەدەی نۆزدە، لە کەسە یەکەمەکانە باسی ئازادی ژنی کوردی کردوە، کە مێردەکانیان بە چاوێکی یەکسان لێیان ڕوانیون، پایە و ڕەوشت بەرزی ئافرەتی لە کوردستاندا بەرزنرخاندوە(ریچ، 2012: 271).

هەر لەم ڕوانگەیەوە لە سەردەمی شۆڕشدا ئافرەت مایەی گرنگیپێدانی ڕۆژئاواییەکان بوە، (شمیدت)2 لە ئابی 1962 سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی کردوە، ئافرەتانی لادێکانی لە ئافرەتانی شاردا سەربەخۆتر بینیوە، پێیوابوە ژنان خاوەن پەروەردەیەکی تایبەت و سەربەخۆن، بە دڵێکی فراوان پێشوازی بیانیەکان دەکەن، تەنانەت لەکاتی ئامادەنەبونی پیاوەکانیان لە ماڵدا بەڕویەکی خۆش خواردنیان پێداون و خزمەتییان کردون (Schmidt, 1964: 161,166).

لەبارەی پایەی ئافرەت لە سەردەمی شۆڕشدا، لەساڵی (1962) لە سەردانەکەیدا بۆ ناوچەکانی دەریاچەی (دوکان) و دەوروبەری (دەیڤد ئەدامسن)3 ئافرەتی کوردی وەکو فەرمانڕەوای ماڵەکەی وەسفکردوە، هێز و توندیی و زیرەکی و زاڵبونی لە ڕەفتارو ڕوخساری خوێندۆتەوە (Adamson, 1964: 109)، (کارستن دیتمان)ی وێنەگری ئەڵمانی کە لەساڵی 1963 دا سەردانی ناوچەکانی شۆڕشی کردوە، پێگەی ئافرەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرز نرخاندوە(دیتمان، 2021: 82،9)، چەندین تایبەتمەندی لە ئافرەتی کورد دا بەدیکراوە، بە کارا و پڕوزە، بەهێزو و دەستپێشخەر لە چارەسەرکردنی چەندین مەسەلەی گرنگ وەسفکراوە، کە سەرکردایەتی خێڵیان کردوە و بەشداریی شەڕییان کردوە، بەهۆی قارەمانێتی مایەی ڕێز و ستایشکردن بون، لە ساڵی 1963 وێنەی ئافرەتێک لەسەر دیواری چایخانەیەکی نزیک (ڕانیە) سەرنجی شمیدتی ڕاکێشاوە، بۆیە بەدواداچون بۆ ئەم وێنەیە کردوە، ئاماژەی بە توانا و پێگەی ئەم ئافرەتە کردوە کە (فاتمە خانی) ناوبوە، دوای مردنی مێردەکەی ماوەی چەند ساڵێک ئەرکی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەشت گوندی نزیک (ڕواندز)ی لەئەستۆ گرتوە، (Schmidt, 1964: 134,135)، (ئیرلەندۆر هارالدستۆن) ی ڕۆژنامەنوسی ئەیسلەندی و پرۆفیسۆری بواری دەروونناسی، لە ساڵی 1964 سەردانی ناوچە ئازادکاروەکانی شۆڕشی کردوە، دۆخی ئافرەتی کوردی لە ئافرەتی عەرەب جیاوازتر بینیوە، لەدیدی ئەودا پێگەی ئافرەتی کورد بەهێزتر بووە و باوەڕی زیاتری بەخۆی بووە، ڕێزێکی تایبەتی هەبووە و لە هەندێک حاڵەتدا سەرکردایەتی هۆزێکی لە ئەستۆ گرتووە(Haraldsson, 1966: 110).

هەندێک لە ڕۆژئاواییەکان لە هەندێک ناوچەدا شەرمیان لە کەسێتی ئافرەتی کوردا بەدیکردوە. لەدیدی ئەواندا ئاشنانەبونی بە جیهانی دەرەوە ئەم سیمایەی لە ئافرەتدا دروستکردوە، بەبۆچونی (برناد ویتمان)4 ئافرەتی کورد لە ژیانی دەرەوە دابڕاوبوە، ژیانی ئەوان لە ئێوارەوە دەستیپێکردوە، لە کاتی بینینی کەسێکی ئەوروپی شەرمیان کردوە (ویتمان، 2009: 54،32)، لە دیدی (تۆرد ڤالستڕۆم)5دا بە بینینی کەسێکی بیانی شەرم لە ڕوخساری ئافرەتی کورد بینراوە، لە دەڤەری (بادینان) لەکاتی سەردانکردنی خەڵک سەرنجیداوە ئافرەت لەناو ماڵەکەیدا خۆی جیاکردۆتەوە، بەڵام لە ناوچەی (باڵەکایەتی) و (چۆمان)

ئافرەتێکی تری بینیوە بەناوی (خونچە)، جیا لە ئافرەتانی تر لەکاتی پێشـــوازیکردن کەســـایەتیەکی زاڵ و بـاوەڕ بـەخۆبوی تیـادا بینیوە (Wallström,1975: 61,105)، لـەلایەکیتر (ڕوبرت برینمـان)6 شـــــەرمنی ئافرەتی کوردی بۆ دورەپەرێزی بەرامبەر کەســـانی نەناســـراو گەڕاندۆتەوە، پێیوابوە ئابڕوی کچی کورد لەگەڵ هاتنە دنیا دەســـتپێدەکات و لەگەڵیی گەورە بوە، بۆیە تا لەژیاندا بوبێت کاریگەریی ڕاســـتەوخۆی بەســـەر ئابڕوی بنەماڵەکەیەوە بوە، بەمەش باوەڕێک بۆ بنەماڵەکانیان دروســـتبوە کە بە ڕەوا نەزانرێت ئافرەت لەگەڵ بیانیەک هەڵســوکەوت بکات و ڕێگا نەدرێت بەتەنیا لە ماڵ بڕواتە دەرەوە (برینمان، 2010: 96،95)، هەر ئافرەتێکیش توشـــی کارێکی نارەوا یا زینا بوبێت، ســـزاکەی زۆر ســـەخت بوە، ژیانی ئەم ئافرەتە بە دەستی باوک یان براکەی کۆتایی پێهاتوە (Mauries, 1970: 30).

ڕۆژئاواییەکان دورەپەرێزییان لە ئافرەتدا هەســت پێکردوە، بەتایبەتی بەرامبەر بە کەســانی بیانی، بۆیە ئاماژەیان بە چەند هەڵوێســتێکی ئافرەتان کردوە. لەم لایەنە (دەیڤد ئەدامســن) کاتێک لەنێو ئەشـکەوتەکانی دەوروبەری (بێتواتە) لە ســـــاڵی 1962 ئارەزوی وێنەگرتنی ئافرەتانی کردوە، بە کارێکی ئەســـــتەم باسیکردوە، چونکە ڕویان لە کامێراکەی ئەدامسن وەرگێڕاوە، ڕوخساری خۆیان شاردۆتەوە و هەندێکیان بە پێکەنینەوە لە کامێرا ڕایانکردوە، جگە لە بینینی ئافرەتێکی تری کە بە بینیی (ئەدامســـن) بە درێژایی چەندین پێ خۆی دورخستۆتەوە، ڕوخساری خۆی شاردۆتەوە و زۆر بە خێرایی ڕایکردوە و شوێنەکەی جێهێشتوە (Adamson, 1964: 13, 74)، دڵداریی و گاڵتەکردن لەگەڵ ئافرەتدا هێڵی سور بوە، شمیدت لە 1962 و لەســـەرەتای گەشـــتەکەیدا کاتێک کۆمەڵە ئافرەتێکی بەرچاوکەوتوە لە گردێک هاتونەتە خوارەوە، لەلایەن چەندین پێشمەرگە داوای لێکراوە ڕوی وەربگێرێت لەو ئافرەتانە، ئەم هەڵوێستە بۆ (شمیدت) سەیر بوە و بەرەو بیرکردنەوە ی بردوە، بەڵام هەســـتی بە مەترســـی نەکردوە، دواتر هەر لە هەمان ســـاڵدا لە ناوچەی (بارزان) کە ویســـــتویەتی گفتوگۆ لەگەڵ ئافرەتێکی بە ڕەچەڵەک ڕوســـــی بکات، کە بەهۆی هاوســـەرگیریکردن موســڵمان ببو، وەرگێڕەکە بە باشــی نەزانیوە قســـەی لەگەڵدا بکات، بۆی ڕۆنکردۆتەوە دێهاتیەکان ئارەزوناکەن چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوســـــەرەکانیاندا بکرێت، پرســـــیارێک لە هزری شـــــمیدت دروســـــتبوە، کە چۆن ئەم ئافرەتە ڕوســـــیە لەم گوندە شـــــاخاویە دور و گۆشـــــەگیرە خۆی گونجاندو (Schmidt,1964:185, 17).

(ڕێنیە مۆریس)7 لە ســـاڵی 1966 ســـەرەنجی کچانی بازاری (گەلاڵە)ی داوە کە داپۆشــراو بونە و لە دەســـــت قەلەباڵغی بازارەوە ڕایانکردوە، هەر لە (گەلاڵە) کاتێک هەوڵی ئاخاوتنی لەگەڵ ئافرەتێک بەناوی (گوڵێ) داوە، هەرچەندە توندوتیژی لە ڕوخساری ئەم ئافرەتە بەدینەکردوە، بەڵام لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتو نەبوە (Mauries, 1970: 30, 27)، لە هەمان ســـاڵدا ئافرەتێک لە ژێر ڕەشـــماڵێ ناوچەییێکی ســـنوری

کوردستانی عێراق بە بینینی خوێندکارێکی گەنجێکی ئینگلیز وەک کەسێکی نەناسراو ترساوە و هاواری مێردەکەی کردوە(pradier, 1968: 41)، جگە لە ڕۆژئاواییەکان، کوردەکانیش هەستیان بەم دیاردە کردووە، لە شارۆچکەی چۆمان (ڕاستگەلدی)8 لە وێنەگرتنی ئافرەتێک لە کاتی کارکردن لەگەڵ پیاوەکەیدا سەرکەوتونەبوە، ئافرەتەکە ڕوخساری شاردۆتەوە و بەهیچ شێوەیەک ڕازینەبوە وێنەی بکێشێت (ڕاستگەلدی، 2004: 49).

ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەتایبەتی لە لادێکاندا لە پرۆسەی بەشوداندا مافی بڕیاردانی لە چارەنوسی خۆی نەبوە و نەیتوانیوە ڕاشکاوانە هاوسەر دەستنیشان بکات (قانع، 1979: 5)، تەنانەت لە شارەکانیشدا بە دەگمەن کچان بە ئارەزوی خۆیان شویان کردوە (ئەحمەد، 1981: 76)، لەم لایەنەوە ڕۆژئاواییەکان چارەنوسی کچیان لە چوارچێوەی خێڵەکیبوندا پەیوەستکردوە بە پتەوکردنی پەیوەندیی خزمایەتی تیرەگەریی، کە بەشودانی کچەکانیان بە خزمێکی دوریان لە بێگانەیەک بە ڕەواتر زانیوە و مافی لە پێشینە بۆ ئامۆزا و بن ئامۆزا مسۆگەرکراوە، لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە (40%)ی هاوسەرگیریی خێڵەکان و (10%)ی هاوسەرگیریی ناخێڵەکییەکان لەنێوان ئامۆزا و بن ئامۆزاکان ئەنجامدراوە (برونسن، 2010: 124،125/1)، بە تێڕوانینی (برینمان) ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە لادێکاندا فاکتەرێکی ئابوری لەپشت بوە زیاتر لەوەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوبێت (برینمان، 2010: 71)، هەرچەندە برینمان شیکردنەوەی بۆ فاکتەرە ئابوریەکە نەکردوە، وەک زانراوە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە (بەشودانی کچ بە ئامۆزا و خزمە نزیکەکان) بۆ مانەوەی میرات بوە لەناو یەک خێزان و بنەماڵەدا، نەیانویستوە لەڕێگای بەشودانی کچەوە میراتی بنەماڵەییێک بۆ بێگانەیەک بڕوات، جگە لە فاکتەری ئابووری پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی و خێڵەکی ڕۆڵی بینیوە لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە.

لەسەر هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئافرەتان، ڕۆژئاواییەکان بواریان بۆ نەڕەخساوە بەدواداچون بکەن، هەندێک دیاردەی خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردەواریان ئاماژەپێنەکردوە، کە وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە، کاریگەری نەرێنی و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی یان لێکەوتۆتەوە، بەنمونە (شیربایی)9، (ژنبەژن)10، (گەورە بە بچوک)11، (ڕەدوکەوتن)12، (خوێن خۆشکردن)13.

پرسی بەرگریکردن لە ئافرەت، وەک بابەتێکی گرنگ لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لەپێناو گرنگیدان بە مافەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لە سەرەتای ساڵی 1969 بەپێی یاساو شەریعەتی ئیسلام (یاسای پاراستنی خێزانی) 14 دەرکردوە (محمد، 2021: 214، 213)، لەپاڵ دانانی سنورێک لە بەکارهێنانی ئەم ئافرەتان وەک ئامرازێکی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە خێڵەکییەکان(برزنجی، 2007: 307).

لەڕوی خوێندەوارییـەوە، ڕۆژئاواییەکان تێبینییان کردوە کە ڕێژەیێکی بەرزی ئافرەتان لە خوێندن بێبەشکراون. بە شێوەیێکی گشتی لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا لە ناوچەکانی شۆڕشدا بەراوردی وڵاتانی تر بە ڕێژەیێکی بەرچاو خەڵکێکی زۆریان بە نەخوێندەوار بینیوە، لە نێوانیشیاندا ئاماژەیان بە ئافرەت کردوە کە هەوڵێک هەبوە لە پێناو هۆشیارکردنەوەیان( Documentary, 1974: 10-12- 2021)، (شمیدت) باسیکردوە هەرچەندە زۆرینەی کورد وەک کوڕەکان ڕێگەی خوێندنیان لە کچەکانیان نەگرتوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆری نەوەی سەردەمی شۆڕشی لە تەمەنێکی گەورەدا بە نەخوێندەوار بینیوە (Schmidt, 1964: 161)، (ڤالسترۆم) باسی لە ئامانج و ئاواتی ئافرەتێکی گوندی (وەڵـزێ) کردوە، کە بێبەش بونی لە خوێندن وایکردوە هەمو هیوا و ئومێدێکی ئەم ئافرەتە دانەبڕانی منداڵەکانی لە خوێندن بوبێت (Wallström,1975: 110)، لەم لایەنە بۆچونی ڕۆژئاواییەکان لە ڕاستیەوە نزیک بوە، چونکە ئافرەتان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە خوێندن بێ بەشکراون. تەنانەت لە سەنتەری شارەکاندا ڕێژەیی نەخوێندەواریی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بوە، بەنمونە لە ساڵی (1952) لە هەمو پارێزگای هەولێر (759) کـــچ چونەتە قوتابخانەی سەرەتایی، هەر لەم ساڵەدا لەکۆی (131،288) ئافرەتی نیشتەجێی ئەم شارە (107،940) یان نەخـوێندەواربون(ئەحمەد، 1981: 77).

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی خێرخوازی (War on Want)ی بەریتانی و کۆمەکی منداڵ پارێز و گروپی مافەکانی کەمینەدا لە بارەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستانی عێراقدا دەرکەوتووە: (99%)ی ئافرەتان لە هەولێر نەخوێندەوار بوون(عەلی، 2021: 172)، ئەوانەی خوێندوشیانە دوای فێربونی نوسین و خوێندنەوە لە قوتابخانە دەرهێنراون، چونکە نەریتی خێڵەکی بە تایبەتی لە لادێکاندا تێکەڵبونی کچانی بە کوڕان بە کارێکی حەرام و نادروست زانیوە، لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیان تەنیا بۆ ئیشکردنی ناو کێڵگەکان ڕێگایان پێدراوە، ئەمەش وایکردوە ئافرەتانی لادێنشین لەڕوی ڕۆشنبیریی دواکەوتو بن (قانع، 1979: 14،13).

دواکەوتنی ئافرەتی لادێی لە ڕوی ڕۆشـــنبیریەوە وایکردوە هەندێک باوەڕی ســەیریان لە لا دروســت ببێت، ئەم خەســـڵەتەی ئافرەت لەلایەن ڕۆژئاواییەکان هەســـتی پێکراوە، (ڕوبرت برینمان) پێیوابوە بە مەبەستی پاراستنی ماڵ و منداڵ لە ڕۆحە خراپەکان و نەزۆکی و نەخۆشی منداڵان و ڕێگریکردنی مێرد بۆ هاوســـەرگیری و ژنی دووەم، باوەڕیان بە جادوکردن هەبوە، لەســـەر زاری قەشـــەیەکی کریســـتیانی گوێبیســـتی ئەوە بوە کە ئافرەتانی کوردی موســڵمان جارجار چونەتە لای و داوایان لێکردوە لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) جادویان بۆ بکات، دواتر هانایان بۆ پیاوێکی ئاینی موســڵمان بردوە تا لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نوشتەیان بۆ بنوسێت (برینمان، 2010: 109)، (برینمان) لەم بۆچونەیدا هەڵە نەبوە، چونکە

لە ساڵی 1958 لە شاری (ڕواندز) لەسەر ئەم بابەتە دوو شانۆگەری لە ژێر ناوی (ئـافرەت و نوشتی) و (جادوگـــــەر) دەرهێنراوە (مستەفا، 2013: 71)، ئەنجامدانی ئەم شانۆگەریانە دەربڕینێک بوە لە کەتواری (واقعی) ژیان و بیرکردنەوەی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردی، جگە لەم بیروباوەڕانە هەندێ نەریتی باو لەناو ئافرەتی کورد دا هەبوە ڕۆژئاواییەکان لە ئافرەتیان تێبینی نەکردوە. لەشــــەودا کاری پاکردنەوەی ماڵیان نەکردوە، گســـکیان لێ نەداوە و فویان لە چرا نەکردوە، هەروەها ســـــەیری ئاوێنەیان نەکردوە، چونکە ئەنجامدانی هەمو ئەم کارانەیان لە شەودا بە شوم و خراپە سەیرکردوە (بایەزیدی، 2015: 50،49).

ڕۆژئاواییەکان لە سایەی شۆڕشی ئەیلولدا پێکهاتەیێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریان لە ئافرەتانی ناوچانە ئازادکراوەکان بەدیکردوە. کە هەندێک ئافرەت ڕۆشــنبیر و خاوەن بڕوانامە بون، کە بەهۆکاری ســیاســی دوای دەســــتبەســــەرکردن و لادان لە کارەکانیان بڕیاری پەیوەندیکردنیان بە ناوچەکانی شـــۆڕش داوە، بەنمونە (زەکیە ئیسـماعیل)15 لە سـاڵی (1957) بڕوانامەی پارێزەری وەرگرتوە و کاری پارێزەری کردوە، لە ســـــاڵی 1963 چالاکانە بۆ شـــۆڕش کاریکردوە، بەم هۆیەوە دوای (2) مانگ دەســـــتگیرکردن، بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە (11) ئازاری 1974 دوای جێهێشتنی منداڵەکانی لە بەغدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوچەکانی شـۆڕش کردوە، ڤالسـترۆم بە ئافرەتێکی بەتوانا و وریا و تێگەشـتو وەسـفیکردوە، هەروەها لەسەر سنوری حاجی ئۆمەران کۆمەڵێک ئافرەتی ئاوارەی گوندەکانی نزیک هەولێر و شارۆچکەی باتاسی بینیوە، کـە ســــەرقـاڵی نـانکردن بون، ئـاوارەیی و تراژیـدیـاکـانی ئـەم ئـافرەتـانـە وەکو یـەک بوە (Wallström,1975: 26,143)، ســــەرەڕای بونی دیاردەی کۆچکردنی ڕەوەندەکان کە ڕەشـــماڵەکانیان لە ناوچەکانی شـۆڕش هەڵداوە. لەلایەن (مۆریس) ەوە ئاماژەیان پێکراوە، (مۆریس) تێبینی ژیان و کۆچکردنی وەرزی زستانە و هاوینەی ئەم ڕەوەندانەی کردوە، ئاماژەی بە (خەزێم)ی لای چەپی لوتی کچـانی ڕەوەند کردوە کە بە مەبەستی ڕازاندنەوە بەکاریـانهێناوە (Mauries, Rene, 1970: 17).

شـایەنی باسـکردنە هەندێک ئافرەتی ئاسـایی تر کە ڕۆژئاواییەکان ئاماژەیان پێ نەکردووە، پیاوەکانیان پێشــمەرگەی شـــۆڕش بون، لە پێناو لێکنەترازانی خێزان و پاڵپشـــتی پیاوەکانیان لە ناوچەکانی شـــۆڕش نیشتەجێبون، خێزانی (عەلی سنجاری) دانیشتوی شاری موسڵ نمونەیەکی تری ئەم ئافرەتانەیە کە لە بڕی چالاکیەکانی مێردەکەی هەر لەم شـارەدا دەسـتگیرکراوە، بۆیە شـارەکەی جێهێشـتوە و ڕوی لە ناوچەکانی شـۆڕش کردوە (ڕاستگەلدی، 2004: 60)، ئەمە جگە لەو ئافرەتە لادێیانەی خۆیان دانیشـتوی هەمیشـەیی لادێکانی ســەر بە دەســەڵاتی شــۆڕش بون، بە هۆکاری ڕوداوە نەخوازراوەکانی شــۆڕش چارەنوســێکی نادیار هەمو ئەم جۆرە ئافرەتانەی کۆکردونەتەوە.

## ١-٣ ڕوخسار و شێوازی جلوبەرگی ئافرەت:

ڕوخســــاری ئافرەت مایەی بایەخپێدانی ڕۆژئاواییەکان بوە، بەتایبەت لە لادێکاندا پەچەیان نییە، (برناد ویتمان) کە ماوەیێکی ژیانی لە نێوان سالآنی (1954–1963) لە کوردستانی باشور بەسەر بردوە، وەسفی ئافرەتانی کردوە کە بە بەراوردی نەتەوە دراوسێکان، بەتایبەتی ئافرەتانی لادێنشین پەچەیان نییە (ویتمان، 2009: 32)، (ڕینیە موریس) ی ڕۆژنامەنوســـی فەڕەنســـی لە ســـاڵی 1966 لە ناوچە ئازادکراوەکانی شـۆڕشـدا باسـی ئافرەتانی کوردی کردوە کە زۆرینەیان موسـڵمانن و سـەر دادەپۆشـن بەڵام سـیما و ڕوخساری دەموچاویان نەشاردۆتەوە (Mauries, 1970: 29)، چونکە لەو سەردەمەدا لە هەندێک شاردا لە ژێر کاریگەری نەتەوە دراوسێکان پەچە دانراوە (جاوشلی، 1970: 97)، بەتایبەتی لەم شارانەی ژیار و پاشـــماوەی دابونەریتی عوســـمانییەکان کاریگەریی هەبوە (قانع، 1979: 15)، بەتایبەتی ئافرەتانی (قەڵای هەولێر) باڵاپۆش و پەچە لەســـەر بونە، بە پاشـــماوەی نەریتێکی توندی کۆمەڵایەتی گرێدرا بونە (عثمان، 2011: 6)، قەشە (ئیلۆن ئالبیک)16 ئەم نەریتەی پشتڕاستکردۆتەوە، کاتێک لە ساڵی 1970 وەک ئەندامێکی پارتی سـۆشـیال دیموکراتی سـوێد گەشـتێکی ناوچە ئازادکراوەکانی شـۆڕشـی کردوە، لە سـەردانێکی بۆ شاری هەولێر ئافرەتانـی قەڵای پێچراو بە عەبا بینیوە (ئالبێگ، 2013: 39).

جوانی ئافرەتی کورد ســــەرنجی ڕۆژئاواییەکانی ڕاکێشـــاوە. (شـــمیدت) پێیوابوە ئافرەتی کورد لە ناوچەکانی شۆڕشدا بایەخی بە جوانی داوە، لە دێهاتە چۆلەکاندا نەیتوانیوە بە ڕوخسار و دیمەنی ئافرەتی کورد سـەرسـام نەبێت، بە نازی ئەم ئافرەتانە و ڕۆشـتنی چوسـت و چالاک و جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگیان سـەرسـام بوە (Schmidt,1964: 134, 161)، جوانی ئافرەت هەندێ لە ڕۆژئاواییەکانی سـەرسـام کردوە، (جان پرادیێ) ی وەکو کەسـێکی ئەکادیمی و چاودێرێکی بێ لایەنی فەرەنسـی لە سـاڵی 1966 سـەردانی ناوچەکانی شۆڕشی کردوە و هەر لەگەڵ گەیشتنی بە شارۆچکەی (گەلاڵە) بینینی دیمەنی ئافرەتێکی گەنج ســـەرســـامی کردوە و بە ئافرەتێکی زۆر جوان وەســـفی کردوە (pradier, 1968: 12,28)، (مۆریس) لە هەمان سـاڵدا لەسـەر کانی و لە کاتی گۆزە پڕکردن، دیمەنی ئافرەتێکی خاوەن سـیمای وردی لە (گەلاڵە) وەک شـاکارێکی هونەریی هاتۆتە بەرچاو، جوانی ئەم ئافرەتە وایکردوە مۆریس بە ئاوازێکی سـەمفۆنیا و پۆرترێتێکی جوانی بچوێنێ، سەرسامی جلی ڕەنگاورەنگ و کەزی و کڵاو و کەرەستەی ڕازاندنەوەی بوە، گریانی ئافرەتی لەناوجەرگەی ڕوداوە ســـەختەکان، بە چاوێکی جوانی بریســـکەداری وەک (توی ڕەش) وەسفکردوە (Mauries, 1970: 29,60).

(تورد ڤالسـترۆم) نەرم و نیانی و سـیمای جوانی لە ڕوخسـاری ئافرەتدا بەدیکردوە، لە سـاڵی 1974 لەکاتی بینینی ئافرەتێکی کورد لەسەر سنوری عێراق – ئێران، وەسفی سیما و قژکاڵی و جوانی چاوەکانی

کردوە، لە جلوبەرگێکی ئەوروپیدا خەیاڵی ئەم ئافرەتەی کردوە، جوانیەکەی بە ئافرەتانی ئەوروپی بەراوردکردوە، لەباروودۆخێکی نائارامدا بینینی دیمەنێک لە گەلاڵە لە کاتی گوزەرکردنی ئافرەتان بەسەر پشتی ئێسترەکانەوە سەرسامی کردوە و بە دیمەنێکی لەبیرنەکراوی خەیاڵاوی وەسف کردون(Wallström,1975: 27,48, 27)، (هنری فیلد)17 لەسەر ڕوخساری جوانی ئافرەتی کورد توێژینەوەیەکی قوڵی بۆ شێوە و ڕوخساری تاکی کورد و ئافرەت کردو. سیما و شێوەی ئافرەتی کوردی بە خاوەنی پێستێکی کاڵ و قاوەیی سورباو و چاوێکی قاوەی تێر و لوتێکی ڕێک و باڵایەکی مامناوەندی وەسفکردوە (فیلد، 2012: 145).

جگە لە جوانی ڕوخسار جوانی جلوبەرگی ئافرەتی کورد و پێکهاتەکانی لە ڕەنگی جۆراوجۆر و پارچەی جیاواز و شێوازی پۆشین و بەستنی پارچەکانی لەسەر یەک سەرەنجی ڕۆژئاواییەکانی ڕاکێشاوە (عوسمان، 2022: 274)، جلی ئافرەتی کورد دڵگیر و سەرنجڕاکێش بوە، جوانیەکی تایبەتی بە ئافرەت بەخشیوە بەتایبەتی لە لادێکاندا بەکاریگەری جوانی سروشتەوە ڕەنگە جوانەکان هەست و دڵی ئافرەتانی بزواندوە، بەڕەنگی شین و سەوزایی و گوڵاڵە سورە ئاشنای کردون و دیمەنێکی جوانتری پێبەخشیون (ئەحمەد، 1981: 75)، پێکهاتەکانی جلی کوردی ئافرەت بریتیبون لە (کراس، ژێر کراس، کەوا، سەڵتە، کڵاو، دەسماڵ، کۆڵوانە، سەربەست، سەرپۆش، پێڵاو) (عوسمان، 2022: 274).

خاتو(هەنسن)ی توێژەری مرۆڤناسی دەنیمارکی کە سەردانی شار و لادێکانی باشوری کوردستانی کردوە و ماوەییێک زۆر لەگەڵ ئافرەتاندا هەڵسوکەوتی کردوە، بە وردی تێبینی جلوبەرگی ئافرەتانی کردوە، سەرنجی جیاوازی زەوق و سەلیقەی جلی کوردی ئافرەتانی شارو لادێکانی کردوە، جیاوازی لە نێوان جلوبەرگی ئافرەتانی چینی بەرز و ئاساییی کردوە، جوانی و جۆری قوماشی گرانبەها و خشڵی ڕازاندنەوەی سەر و جەستەی کچ و خێزانی شێخەکانی بە بەراوردی ئافرەتێکی ئاساییی تێبینیی کردوە (هەنسن، 1980: 28،27،7)، جیاوازی لە شێواز و ڕەنگی جلی ئافرەتە بەساڵاچوەکان و گەنجەکان هەستپێکردوە، بە جۆرێک بوە کە ئافرەتە بەتەمەنەکان هەمیشە ڕەنگی تێر و ئافرەت و کچە گەنجەکان ڕەنگی کاڵیان بۆ جلوبەرگەکانیان پۆشیوە، سور و سەوز وەنەوشەیی بەباوترین ڕەنگی جلی ئافرەتان ئاماژەپێکردوە( Hansen, 1961: 65)، سەرسامی جلی کوردی ئافرەتان وایلێکردوە خواستی پۆشینی دەستێ جلی کوردی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆی زۆری پارچەکانی بەتایبەتی بۆ وەرزی هاوین بە جلێکی نائارام وگەرمی وەسفکردوە (هەنسن، 1980: 54،48،34،33).

ئافرەتی کورد قوماشێکی ئامادەکراو لە شێوەی حەریری چنراویان بۆ پۆشاک بەکارهێناوە، هەندێک جاریش نەقشی قوماشەکانیان بە دەست نەخشاندوە(أيغلتون، 2006: 18)، (شمیدت) لە ناوچە

ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا بە دیمەنی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی ئافرەتی کورد سەرسام بوە، وەک تابلۆیێکی ڕەنگین لەناو ژیانێکی سەختدا وێنای کردوە، سەرەنجی شێوازی بەستن و جوڵەی (لەوەندی) کراسی کوردی ئافرەتانی کردوە کە چۆن ڕێگری لە جێبەجێکردنی کارەنیان نەکردوە، شمیدت بەشێکی جوانی ئافرەتی کوردی لادێیەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەم جلوبەرگەی کە دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگیری پێبەخشیون (Schmidt,1964:161)، (رینیه مۆریس) وەسفی جلوبەرگی ئافرەتێکی کردوە کە کراسێکی درێژی ڕەنگاوڕەنگی پۆشیوە، جگە لەوە تێبینی کردوە ئافرەتی کورد بۆ ئەنجامدانی ئەرک شەڕواڵی بەکارهێناوە (Mauries, 1970: 29,60)، جۆراوجۆی جلی کوردی لە نێوان هەندێک هۆزدا و لە ناوچەیێک بۆ ناوچەیێکی تر هەستی پێکراوە، لە نێوانیشیاندا جلوبەرگی تایبەتی نەریتی ئێزیدیەکانیان ئاماژە پێکراوە(کرینبروک، 2022: 203، 205).

ئافرەتی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا کەلوپەلی ڕزاندنەوەی وەک (گوارە، بازن، گۆبەرە، خڵخاڵ، مێخەک) یان بەکارهێناوە (عوسمان، 2022: 300)، لەم لایەنەدا ڕۆژئاواییەکان ئەم تایبەتمەندییەیان لە دیمەنی ئافرەتی کورد بەدیکردوە، باسی زێڕ و زیوی ڕازاندنەوەی ئافرەتانیان کردوە، لەکاتی جوڵەکردندا زرنگاندنەوەی ملوانکە و بازن و خەڵخاڵەکان سەرسامی کردون (Mauries, 1970: 29,60).

سەرپۆشی ئافرەتانیان فەرامۆش نەکردوە، تێبینیکراوە سەرپۆشی ژنان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازی تێکەوتوە، بەنمونە ژنانی ناوچەی بادینان چارۆگ و سەرپێچی قورسیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو زیاتر لەچکی سپی یان خستۆتە سەر سەریان (سندی، 2008: 488)، جگە لەمە ئافرەتان بە شێوەیێکی گشتی کڵایان بەکارهێناوە، سەرنجدراوە ئافرەتانی دەست ڕۆشتو خشڵ و پارچەی زێڕ و زیویان بە کڵاوەکانیانەوە هەڵواسیوە(هەنسن، 1980: 29؛ ایغلتون، ب.ش.چ: 18)، پێدەچێت ئەم جۆرە کڵاوە مایەی سەرسامی (کارستن دیتمان) بوبێت، هەربۆیە وێنەیێکی تایبەتی کڵاوەی ڕازاوەی بە خشڵی ئافرەتانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەپێکردوە (دیتمان، 2021: 109)، (مۆریس) بە هەمان شێوە سەرسامی خۆی بۆ کڵاوی نەقشکراوی ڕەنگاوڕەنگی ئافرەتان دەربڕیوە (Mauries, 1970: 29)، هەروەها ڕۆژئاواییەکان باسی کڵاوێکی ڕەنگاوڕەنگی تایبەتیان کردوە کە هاوشێوەی عەمامەیێک بوە، بەرزییێکی سەرسوڕهێنەری هەبوە، کە پێدەچێت مەبەستیان (پۆشی) بوبێت (کرینبروک، 2022: 203).

## ١-٤ ئەرک و بەرپرسیاریەکانی ئافرەت

لەدیدی ڕۆژئاواییەکاندا ئافرەتی کورد لە سەردەمی شۆڕشدا بەرپرسیاریەتێکی فراوانی لەئەستۆ دابوە، لەشـــاری (ئامێدی) بەهۆی پەیوەندیکردنی پیاوان بە شـــۆڕشـــەوە تەنها کچان و ئافرەتان بینراون (محمود،

ابراهیم، 2021: 171)، لە پاڵ پەروەرەکردنی منداڵ و ڕاپەڕاندنی کاروباری ناو ماڵ، بۆ بژێوی ژیان کاریانکردوە و لەکاتی ئامادەنەبونی پیاوەکانیان لە ماڵدا بەهۆی چونە نێوشـــۆڕش و زیندانیکردنی هەندێکیان، شوێنگرەوەی پیاوەکانیان بون. بە بۆچونی (شمیدت) ژنان و منداڵان لە لادێکان بە ئامادەنەبونی پیاوی ماڵ ســەغڵەت نەبونە، بەبەراوردی خەڵکانی شــار ئامادەنەبونی پیاوەکانیان پێوە دیار بوە، لە دیدی ئەودا ئافرەتانی لادێ هەرچۆنێک بوبێت لە کاتی شــەڕ و ئاشــتیدا زۆربەی کاروباری کێڵگەی بەڕێکردوە، (شمیدت) لە گوندی (بێدۆ) لە سنوری بادینان بە سەرسورهێنەرەوە تواناییکی لە ڕادەبەدەری لە ئافرەتێکی ئەم گوندە بەدیکردوە، کە لەم کاتەی گوندەکەیان جێهێشــتوە، بە ڕێگادا ســـەرکەوتوە، (6) منداڵی هەبوە، چاودێری (5) بزنی کردوە، بارێکی گەورەی قاپ و قاچاخی لەسەر شان بوە، ئێسترێکی لە پێش ڕۆشتوە کەلوپەلی ماڵەکەی بارکردوە، لە ڕێگای ڕۆشــتندا بە کاری چنینی گۆرەوی ســەرقاڵبوە، لە ڕۆژدا ژیانی لە ئەشــکەوت بەســەر بردوە، لە ئێواراندا گەڕاوەتەوە گوند ئاگری هەڵکردوە و نانی دروســتکردوە، بەیانیان بەکاری (مەشکە) ژاندن و دروستکردنی ماست خەریک بوە (Schmidt,1964:65, 166-167).

ئەم جۆراوجۆریەی ئەرکی ئافرەتان وایکردوە(هانســن) (11) جۆری کاروچالاکی ئافرەتان بخاتەڕو، کە پێکهاتون لە نانکردن، شـیر ئامادەکردن، چێشـت لێنان، چا ئامادەکردن، هێنانی ئاو، دابینکردنی سـوتەمەنی، ئامادەکردنی دانەوێڵە، شوشتنی کەلوپەل، شوشتنی جل و ئوتوکردنی، پاکردنەوەی ماڵ، ڕێکخستنی خێزان، کە ڕۆژانە لە کاتژمێر پێنجی بەیانیەوە خەریکی ئەم ئەرکانە بونە، تەنها لە نیوەڕۆوە پشـوێکیان وەرگرتوە و دواتر تا کاتژمێر(11) نیوە شـەو لە کارکردن بەردەوام بونە (Hansen, 1961: 43-51)، (ڕینیە مۆریس) ئافرەتی لە ناوچەکانی شۆڕشدا بە کۆڵەکەی ماڵ سەیرکردوە، لەکاتێکدا پیاوەکەی پێشمەرگە بوە و لە ماڵ نەبوە بە باوەڕێکی بەهێزەوە پشـتی بەخۆی بەسـتوە، لە بەیانیەوە تا ئێوارە قورسـترین ئەرکەکانی ناوماڵی لە ئەستۆ گرتوە، کارەکانی وەک نانکردن، پەنیر دروستـکردن، مەشکە ژاندن، ڕۆن گرتن، دۆشینی مەڕو ماڵات، کۆکردنەوەی دار، سەرەڕای کاری جوتیاریـی و باخەوانی، لە قوڕ شێـلان و خانو دروستـکردن بەشداریکردووە (Mauries, 1970: 30).

ڕۆژئاواییەکان بەســـەرســـامیەوە زۆرترین ســـەرنجیان لەســـەر نانکردنی ئافرەتان بوە، لەم لایەنە (ڤالســترۆم) زۆر بە وردی کرداری چۆنیەتی دروســتکردنی نانی باســکردوە(Wallström,1975:109 )، (فرانســـوا لوڤا) وەک وێنەگرێک ئارەزوی وێنەکێشـــانی دیمەنی نانکردنی ئافرەتانی کردوە (پەنجەمۆر، ئەڵقەی دوەم: 2022/7/16)، دیمەنی (مەشــک) ژاندنی ئافرەتیان بەلاوە شــتێکی ســەیر و تازە بوە، بۆیە هەندێکیان وردەکاری ئەم کارەیان خستۆتەڕو، باسیانکردوە لە چەرمی بزن دروستکراوە و ماستر خڕاوتە ناو و بە سێ پەت لە دار گرێدراوە، سەرنج و تێبینی لەسەر چۆنیەتی دروستکردن وجوڵاندنی (مەشکە) کە

بوە کاتێک، ئافرەتان بە دو ئاڕاستە بۆ شەقاندن جوڵەیان پێکردوە و لە ئەنجامدا کەرەیێکی چاکی تیایدا دروست کراوە (Wallström,1975: 62؛Schmidt,1964:60 )، کریس کۆچیرا کە(40) ساڵی تەمەنی ڕۆژنامەوانی بۆ کورد تەرخانکردوە، لە ساڵی 1973 لە ناوچە ئازادکراوەکان و لەحەوشەی خانوە دەرگا والآکاندا توانیویەتی چەندین ئافرەت ببینێت کە بەکاری نانکردن و چنینی خوری خەریکبونە و بە ئافرەتی چالاک وەسفیکردونە (کوتشیرا، 2014: 53).

(ڤالسترۆم) ئاماژەی بە کاری ئافرەت بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەی کردوە، بینویەتی سەربانی ماڵەکان شوێنی کارکردنی ئافرەتتان بوە، ترێ و هەنجیریان وشک کردوە و دۆشاوی تەماتەیان ئامادەکردوە، لە گوندی (وەڵزێ) بە دیمەنی ئافرەت و چۆنیەتی نانکردن سەرسامی دەربڕیوە (Wallström,1975: 60,110)، جگە لە کاری ماڵەوە ئاماژەیان بۆ هەندێک کاری تری تایبەت کردوە، بە نمونە لە پێناو پاراستنی گیانی خەڵکی لە مەترسی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی، (دەمامک) یان لە قوماشێکی هەرزان دروستکردوە، ڕەوانەی گوند و ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشیان کردوە (ئۆلاتیا، 1975: 2021/9/12)، فەرش چنینی ئافرەت تایبەتمەندییەکی کولتوریی کوردەواری بوە، بیرۆکەی نەخش و نیگاری فەرشەکانیان لە سروشتەوە وەرگرتوە، بەهاوبەشی کۆمەڵێک ئافرەتی تر بە شێوەیەکی هونەری بە کێشانی گوڵ و باڵندەو ئاژەڵ کاری چنینیان کردوە (P.Donovan, 1990: 45)، (ڕوبرت بریندمان) پێیوابوە ئافرەت لە ماڵەکەیدا پشودرێژ و میهرەبان بوە، لە پاڵ ئەنجامدانی چەندین ئەرکی جۆراوجۆر، لەکاتی پەروەردەکردنی منداڵەکانی لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی قارەمانێتی و بوێری پێشمەرگەکان، هەست و ڕۆحێکی نەتەوەیی بە منداڵەکانی بەخشیوە (برینمان، 2010: 84).

جگە لە ئەنجامدانی کاروباری ناوماڵ ڕۆژئاواییەکان لە کاتی ئاوارەیی و نەهامەتیدا تێبینی ئەرک سەختی سەرشانی ئافرەتانیان کردوە. (مۆریس) لە کاتی کۆچکردن و لە سەختترین بارودۆخدا سەرەنجی داوەتە ئەرک و بارگرانی سەرشانی ئافرەتان، کە لە ژێر بارەکاندا چەمانەتەوە و بێشکەی منداڵانیان بە پشت هەڵگرتوە، لە پاڵ بینینی دیمەنی هەڵگرتنی مریشک و بەرخی تازەزاو بەسەر شانیانەوە (Mauries, 1970: 60)، (شمیدت) هەمان دۆخی لە ئافرەتدا بەدیکردوە کاتێک بینویەتی ئافرەتانی لادێ لە بە هۆکاری بۆردومانکردنەوە پەنایان بۆ چیاکان بردوە، بە هەڵگرتنی باری قورسی کەلوپەل و جلوبەرگ و قاپ وقاچاخ چەماونەتەوە(Schmidt,1964:226).

لە پاڵ دیدی ڕۆژئاواییەکان لە بارەی ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیاریەتیە سەختەکانی ئافرەتان، بەڵام لە سەردەمی شۆڕشدا تواناکانی ئافرەتی کورد لەوە زیاتر بوە کە ڕۆژئاواییەکان بە دەرفەتێکی کەم و ماوەیەکی دیاریکراو تێیبگەن، چونکە ئافرەتان لەو سەردەمەدا ڕەنجیان کێشاوە، بە کوتانی برنج و

کوڵاندنی ســــاوارو...تاد، خواردنی ســــەرەکیان بەرهەمهێناوە، ئەمماندوبونەیان بەشــێکی بۆ دابینکردنی خواردەمەنی پێشمەرگە لە پێناو شۆڕشدا بەکاربراوە (عەلی، 2015: 212)، توانا جەستەییەکانی ئافرەتانی لادێنشــین هاوشــانی پیاوان بوە، بەشــداری دورێنە، پێچانەوە، و خەرمانکردنی بەروبومی گەنم و جۆ و نیسـکیان کردوە، لە گواسـتنەوەی بەروبوم لە شـوێنی سـازکردنەوە بۆ شـوێنی تەقتکردن لەگەڵ پیاواندا هاوکاربون، لەگەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵ چارەسەرو دەرمانی نەخۆشییان کردون(جاوشلی، 1970: 40).

مایەی سەرنجە بەهۆی سروشتی کۆمەڵی کورد و نەریتی باوی پیاوسالاری، پیاوان بە هیچ شێوەیەک دەستیان بۆ کاری ئافرەتان نەبردوە و یارمەتیان نەداون، جگە لە کاری درومان و ڕازاندنەوەی ماڵ هەندێ ئەرکی تری تایبەت بەناوماڵ کاری ئافرەت بوە، بەردەســت نەبونی ئامێری تازەی پیشــەگەریی، وایکردوە هەندێک کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە بە شێوەیەکی سەرەتایی بە دەست دروستبکات، بە نمونە (تەشیڕستن)، لەپاڵ هەندێ پیشــــەی تر کە بە ئافرەتە دەســــترەنگینەکان کراوە، وەکو ڕســــتن و چنین، تەونگەری، بەڕدروستکردن، گۆزەکاریی (قانع، 1979: 20،17).

## 1-5 ڕۆڵی ئافرەت لە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە سەردەمی شۆڕشدا:

ئافرەت لە مەیدانی خەباتکردندا بە پێی تواناکانی خۆی درێغی نەکردوە. لە باشوری کوردستاندا بەر لە دەستپێکردنی شـۆڕشـی ئەیلول لە ناوەڕاسـتی چلەکان بەدواوە چەندین ئافرەت وەک ئەندام پەیوەندیان بە ڕیزەکانی حیزبی شـیوعی کردوە، کە هەر لە سـەرەتاوە لە دەسـتور و بەرنامەی ئەم حیزبە مادەی تایبەت بە مافی یەکسانی ئافرەت دەستەبەر کراوە، لەسەرەتادا ژن و خوشک و دایک و کەس و کاری پیاوانی ئەم حیزبە گوێیان بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی ئەم کات نەگرتوە و پەیوەندیان بە کار و چالاکی ســــیاســــی کردوە، چونکە ســەربەخۆی ژن و یەکســانبونی لەگەڵ پیاودا ئامانجی ســەرەکی ئەم حیزبە بوە و باوەڕی پتەویان بە ئازادی ئافرەت بوە و پاڵپشــتی ئافرەتانیان کردوە (قەرەناوی، 2022: 193، 194)، لە ســاڵی (1952) لقە کوردســتانیەکەی (کۆمەڵەی مافی ئافرەتانی کوردســتانی عێراق) ی ســەر بە (رابطة المرأة العراقية)ی حیزبی شــیوعی عێراق، بۆ دابینکردنی مافی ئافرەتان و بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دامەزرێنراوە (قەرەداغی، 2018: 63-64).

لە بارەی خەباتی ئافرەتان لە دیدی ڕۆژئاواییەکان، لە ســــەردەمی شــــۆڕشــــدا پێگە و هەڵســــوکەوت بەرپرســــیاریەتی ئافرەت و دۆخی ژیانی زیاتر مایەی گرنگیپێدانی ڕۆژئاواییەکان بوە، بۆیە بە وردی بەدواداچونیان بۆ چالاکی سیاسی ئافرەت نەکردوە. تەنها (شمیدت) ئاماژە بە کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە شاری کۆیە دەکات، کە لە ئازاری (1963) شەش ئافرەت بەشدارییان تێداکردوە (Schmidt, 1964:135)،

ڤالســـترۆم دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ (زەکیە ئیســـماعیل)، بە نوێنەرێکی دیاری ئافرەتانی کوردســتان ناسـاندویەتی، وەک ئافرەتێکی وریا و جوان وەسـفیکردوە، کە لەپاڵ کاری پارێزەری لەسـاڵی 1963 کارو چالاکی شـــۆڕشـــی کردوە(Wallström,1975: 143)، لە حوزەیرانی 1974 بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژەیان بە دەستگیرکردنی چەند ئافرەتێک کردووە، کە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی نێوان موسڵ و ئامێدی لە ژێر عەباکانیانەوە بە قاچاخ هەندێک تەقەمەنی بۆ ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی شـــۆڕش ببەن(مستەفا، 2017: 70).

هەروەها نمونەییێکی تری چالاکی سیاسی ئافرەتیان باسکردوە، (دێشنەر)[18] ئاماژەی بە (لەیلا قاسم) کردوە، لەسێدارەدانی ئەم قوتابیەی زانکۆی بەغدا و هەڤاڵەکانی لە ڕێکەوتی (30 نیسانی1974) بە کردەوەیەکی دیکتاتۆری و ڕوداوێکی تیرۆرستی وەسفکردوە، کە بەتۆمەتی هاندانی خەڵک و پشتیوانیکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تاوانبارکراوە (Deschner, 1991: 310)، (تورد ڤالسترۆم) ئارەزوی زانینی وردەکاری بەسەرهاتی ژیانی (لیلی قاسم) ی کردوە، دوای پرسیارکردن و بەدواداچون لەم وەرگێڕەی یاوەری کردوە، لە کتێبەکەیدا باسێکی لەژێر ناونیشانی ئەم کچە چالاکوانە خستۆتەڕو، تیایدا ئاماژەی بە وردەکاری ژیانامەی ئەم ئافرەتە کردوە کە وەک ئەندامێکی چالاکوانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە چاونەترسانە پاڵپشتی دۆزی میللەتەکەی بوە، لە هەوڵی ناساندنی کەلتوری نەتەوەکەی بوە، لە ئایاری 1974 یەکەم ژن بوە لە عێراقدا لە لە سێدارە بدرێت(Wallström,1975: 25, 32–34).

خەباتی چەکداری ئافرەت لە شۆڕشی ئەیلولدا مایەی سەرنجی ڕۆژئاواییەکان بوە، چونکە ئافرەت وەکو پێشمەرگەیەک بەکردار لە شەڕدا بەشداریکردوە (حمە شریف، 2012: 107)، ڕۆژئاواییەکان ئاماژەیان بۆ خەباتی ئافرەتان کردوە کە زۆرێکیان پەیوەندیان بە شـــانە نەهێنی یەکان کردوە و هاوشـــانی هاوســـەر و براو کورەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا خەباتیانکردوە(فلیپس، 2016: 98)، (ئێگیل ئۆلاتیا) ئاماژەی بۆ خەباتی چەکداریی ئافرەت کردوە، دوای ئەوەی مەکتەبی ســـیاســـی ڕێگەی پێداون لە شـــەڕدا بەشـــداریی بکەن، ئافرەتێکی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردســتان پێیڕاگەیاندوە بەشـیان لەم شـەڕەدا هەیە و شـەڕی ڕزگاریخوازی سەردەمی شۆڕشی بە شەڕی ئافرەتان ناوبردوە (ئۆلاتیا، 1975: 2021/9/12)، جگە لەوە ئاماژەیان بە (مارگریت جۆرج شـــیلۆ)[19] وەک نمونەی دیاری ئەم ئافرەتانە باســـکردوە، کە لەســـەرەتای شـۆڕش لە ڕیزی پێشـمەرگە وەکو فەرماندە سـەرکردایەتی پۆلێک لە پێشـمەرگەکانی ئاکرێی کردوە و لە بەرەکانی جەنگدا بەشداریکردوە، هێمایەکی دیاری خەبات و بەرخودانی ئافرەتان بوە، زۆرینەی جەنگاوەرە کوڕەکان وێنەکەیان لە باخەڵ و گیرفانەکاندا پاراستوە (Mauries , 1970:98؛ Schmidt, 1964: 135) .

مارگرێت لەلایەن مێژونوس (مایکڵ ئێم گەنتەر) بە (جۆئانی ئـــــــــارک)ی کوردی یا (جاندارک)20 ی کوردستان وەسفکراوە(Mauries , 1970:98؛ Mustafa, 2021: 98)، (شمیدت) مارگرێتی وەک کچێکی بەتوانای کاسۆلیکی کلدانی ناساندوە، لە نەخۆشخانەیێک بە پیشەی (برین پێچی) کاری کردوە، کە لە ناوچەی ئاکرێ سەرکردایەتی پۆلێک پێشمەرگەی کردوە، لە هێرشێکی چەند جاشێک بۆ سەر گوندەکەیان، یەکێک لە سەرۆک جاشەکانی بە ناوی (مەعاویە) کوشتوە، (شمیدت) باسیکردوە جگە لە مارگرێت کچێکی تری موسڵمان لە بەرەکانی جەنگدا خزمەتی سەربازی کردوە، بەڵام نەیتوانیوە ناوەکەی بزانێت و زانیاری لەبارەیەوە وەربگرێت (Schmidt, 1964:160)، هەر لە بارەی مارگرێتەوە، پێدەچێت (ڕینیە موریس) زۆر سەرسامی بوبێت، بۆیە بە (پاڵەوانی نیشتیمان) ناوی بردوە، بە پەرۆشەوە ئارەزوی چاوپێکەوتنی کردوە، بەڵام کەمی کات و سەختی ڕێگا ئەم دەرفەتەی بۆ نەڕەخساندوە، (ڕینیە موریس) ڕوخساری مارگرێتی وەک ئافرەتێکی جوان وەسفکردوە، کە ئاشوریەکان لە دەرەوەی وڵات پاڵەوانیەتی ئەم ئافرەتەیان بەرز نرخاندوە و سرودی نیشتمانی خۆیان بەم ئافرەتە ئاوێتەکردوە، لەدیدی ئەودا ناوبانگی ئەم ئافرەتە لە وڵاتانی ئەوروپای مەسیحی دەنگی داوەتەوە بە جۆرێک کە بوترێت پێشمەرگەکان نەچونەتە شەڕ تا وێنەی ئەم ئافرەتەیان بەسەر دڵەوە نەبوبێت، کە وەکو ڕەمزێکی هیوا و ئارامکردنەوەی خەڵکی هەژاریان وەسفکردوە.

(موریس) ئازایەتی و سەرکێشی مارگرێتی بە سەرسامیەوە باسکردوە، کە بە هیچ شێوەیێک هەستی بە ترس نەکردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشمەرگە بونی ئافرەتێکی وەکو (مارگرێت)ی لە کۆمەڵگەڵدا بە ئاستەم وەسفکردوە، کە چەندین تۆمەت و ناو ناتۆرەو قسەی هەڵبەستراوی بۆ دروست کراوە، (موریس) لە زاری نوێنەری کرستیانەکان (باوکە بێدار) باسیکردوە کە تەنانەت لە ناو ئەمانیشدا بونی ئافرەتێک بەشە و ڕۆژ بە بەردەوامی لەناو پیاواندا بۆ کرستیانەکان و موسڵمانەکان شیاو نەبوە، بۆیە (موریس) گەیشتۆتە ئەم بڕوایەی هەرچهندە بۆ کۆمەڵگەیەک کە ئاین بەسەریدا زاڵە، پێشمەرگایەتی بۆ ئافرەتێک سەختبوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە وەک جەنگاوەرێکی ئازا و چاونەترس هەڵسوکەوتی کردو (Mauries , 1970:98-102).

دەکرێت بوترێت ئافرەت لەسەردەمی شۆڕشدا بەکردارییی هاوبەشی خەباتی سیاسی و چەکداری کردوە، بەڵام نەک تەنها ڕۆژئاواییەکان بەڵکو لەم کاتدا وەکو پێویست لە ناو کۆمەڵگەی کوردیشدا خەباتیان بەدیارنەخراوە. لە ساڵی 1961 ئاستی هۆشیاری و نەریتی کۆمەلایەتی ڕێگەی نەداوە ئافرەت بەسەربەستی بەشداری خەباتی سیاسیی و چەکداری بکات (هاواری،2011: 5)، بە دەیان ئافرەت لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی کاریانکردوە، بەهۆی نهێنیپارێزی لە کارکردندا ناویان نەهێنراوە، بە نمونە

(عایشە گروکە، ئەنجوم زوهدی، سامیە شاکر، ساکینە سلێمان، خانم زوهدی، ڕەمزیە نادر، زەکیە بابان و چەندانی تر......) (قەرەناوی، 2022: 195)، لەلایەکی تر لە بەشـــێک لە لادێکانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی شـــۆڕشـــدا کولتوری (پیاو ســـالاری) لەبەردەم چالاکی ئافرەتان ڕێگربوە، لە کاتی شـــۆڕشـــدا لەنێو ســـەرکردایەتی حزبەکاندا پێگەی دیار و شـــایســـتە بە پیاوان دراوە و ئافرەتان بێبەشـــکراون، جگە لەوەی پرســـی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ســـەر بە ئافرەتان لە بارودۆخێکی ئارام و لە کاتی ئاشـــتیدا زیاتر گەشـەیانکردوە، هەروەک چالاکەوانێکی بواری ئافرەتان وتویەتی: ''لە کاتی شـەڕو خەباتی نهێنیدا، چالاکی ســـســـتە و ڕۆڵی ئافرەت لە پەراوێزدا دەبێت'' (قەرەداغی، 2018: 87،67)، ســـەرەڕای ژێردەســـتەبون و نەخوێندەواریی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئافرەتان، کە بەربەســـتێکی تری بەردەم کاروچالاکی ئافرەتان بوە (عەلی 2015: 513،453،287،286)، بە هۆکاری هەڵبەســـتنی تۆمەتی ئەخلاقی زۆرێک لە ئافرەتان و کچان وەکو پێشـــمەرگە خۆیان بەدیارنەخســـتوە (چالی، 2021: 58). بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستێکی وا نەبوە بە ئاسانی ئافرەت لەکاری سیاسی و خەباتی چەکداری قبوڵبکات.

لەگەڵ بونی ئەم کۆسپ و تەگەرانە ئافرەت لە چالاکیە سیاسیاسیەکاندا ڕۆڵی بینیوە و بەشداریکردوە. لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و بەهۆی تێڕوانینی پۆزەتیڤی ئەم پارتە لەبارەی مافی ئافرەتان، لە ســـەرەتایی دامەزراندنی ئەم پارتە لە 1946 کچان و ژنان لە ڕێکخســـتنەکانی ئەم پارتە بەشـــداریانکردوە و چالاکیان نواندوە(هاواری، 2011: 6)، چالاکترین و دیارترینی ئەم ئافرەتانە (بەهیە مەعروف، ناهیدە شـێخ سـەلام، پاکیزە شـەکیب، نەسـرین قادر، درەخشـان حەفید زادە، زەکیە ئیسـماعیل حەقی، شـەفیقە سـەعید، گەلاوێژ مام ئەحمەد) و چەندانی تر(قەرەناوی، 2022: 203 )، دواتر لە ڕێکەوتی 1952/12/11 دوای ئەنجامدانی یەکەمین کۆبونەوەی ســـیاســـی نهێنی بەئامادەبونی (10) ئافرەتی کورد ڕێکخراوی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)[21] ی عێراق دامەزراوە.

## 6-1ڕەوشی ژیان و بەسەرهاتی ئافرەتان لە ماوەی شۆڕشدا:

بەبۆچونی ڕۆژئاواییەکان لە بارودۆخی شۆڕشدا ئافرەت بۆتە قوربانی ڕوداوەکانی شۆڕش، لە ژیانێکی دژوار و بارودۆخێکی ســـەختدا چەندین بەســـەرهاتی ناخۆشـــی چەشـــتوە، ئەشـــکەوت و ئاوارەیی و دەربەدەری بەشـــێکی دانەبڕاوی ژیانی بوە، بۆردومانی ســـەخت و لەدەســـتدانی ڕۆڵەکانی تراژیدیای هاوبەشـــی زۆرینەی ئافرەتان بوە، بۆیە ســـۆزیان جوڵاوە و و بەزەییان بە دۆخی ژیانی ئافرەتان هاتۆتەوە. لە دیدی (شـــمیدت) دا ئافرەتان حەزیان بە جێهێشـــتنی ماڵ و حاڵی خۆیان نەکردوە، بەڵام لەئەنجامی بۆردومانکردندا بە ناچاری لادێکانیان جێهێشتوە و پەنایان بۆ چیاکان بردوە، لەترسی نەخۆش بونی منداڵەکانیان ئارەزوی ئەم جۆرە ژیانەیان نەکردوە، (شمیدت) لە 1962 کاتێک بەرەو دەڤەری بارزان

بەرێکەوتوە، لە ڕێگادا لە گوندی (هەلان) دوای بیســـتنی دەنگی قیژە و گریان، لە ناخەوە بۆ تراژیدیای (3) ئافرەت خەفەتبار بوە، کە دایکیک و دو خوشـــک بونە، هانایان بۆ (شـــمیدت) بردوە تا تەرمی (2) لە منداڵەکانیان بۆ بدۆزنەوە (Schmidt,1964:165, 189)، (جان برتولینو) ی توێژەر و ڕۆژنامەنووســـی فەرەنســـی کە لە ڕۆژگاری شـــۆڕشـــدا چەندین جار ســـەردانی عێراق و ناوچەکانی شـــۆڕشـــی کردووە، بە چاوی خۆی چەند ئافرەتێکی بینیوە لە دوای شـــەڕ و بۆردومانەکان لەســـەر چیای هەندرێن و زۆزک لە پاشماوەی لاشەی ئازیزەکانیان گەڕاون (برتولینو، 2007: 15).

ئێگیل ئۆلاتیای ی ڕۆژنامە نوســـی ناوداری نەرویجی، کە چەند هەفتەییێک بەر لە نســـکۆی شـــۆڕش لە ساڵی 1975 سەردانی ناوچەکانی شۆڕشی کردووە، شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکانی بە پەناگەی ئافرەت و منداڵان بینیوە، بەهۆی بۆردومان و کردە چەکدارییەکان کونەبەرد و چیاو ئەشـــکەوتەکانی بە حەشـــارگەی ئافرەت و منداڵان وەســـفکردوە، پێیوابوە خەڵکانێک ســـەرەڕای بۆمبارانکردن نایەنەوێت خاکی خۆیان جێبهێڵن، کە بەهۆی سەرماو سۆڵەی زستان و لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان ئافرەتان ئازاریان چەشتوە، دوای ئەوەی لە ئەشکەوتێکی نزیک گوندی ڕێزان ئافرەتێک باسی نەخۆش بون و لەدەستدانی منداڵە بچوکەکەی بۆ کردوە (ئۆلاتیا، 1975: 2021/9/12).

جیا لە دیدگای رۆژئاواییەکان، کە شایەنی باسکردنە، شۆڕش ئافرەتی بە ژیانی ئەشکەوت و چادرەکان ڕاهێناوە کە پێشـــتر هەندێکیان ژیانێکی زۆر جیاوازتریان هەبوە، تەنانەت (ئافرەتە بە ڕەچەڵەک ڕوســـییەکان)22 لەم ڕوداو کارەســـاتانە بێبەش نەبون. بۆ نمونە خێزانی عەلی بارزانی یەکێک لەو ئافرەتە بوە، شـــەش ســـاڵ ژیانی ئەشـــکەوتی لە زســـتان و ژێر چادری هاوینەی ناوچەی (حاجی ئۆمەران) بەســـەر بردوە (ڕاستگەلدی، 2004:24).

گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان حکومەتی بەعس و شۆڕش کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر خەڵکی سڤیلی ناوچە ئازادکراوەکان هەبوە، بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان، دوای تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردولا، بەعس کاردانەوەی توندی بەرامبەر خەڵکی بێتاون ئەنجامداوە، بۆ ئەم مەبەســـتە لە 19 ئابی 1969 لەبەردەم ئەشـــکەوتێکی پەناگەی ئافرەت و منداڵان ئاگری کردوەتەوە، بەم هۆیەوە (67) کەســـی لە ئافرەت و منداڵ و بەســـاڵاچو لەگوندی(دەکان) لە قەزای شـــێخان خنکاندون (جالیاند، جیرارد، 2012: 111،110؛ Wallström,1975: 119)، لەلایەکی تر (دشـــنەر) پێیوابوە ئافرەت و منداڵ قوربانی ڕوداوەکانی شـــۆڕش و بۆردومانی هێزە ئاسمانیە مۆدێرنەکەی عێراق بون. بەتایبەت لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی شەڕ ئەزمونی خۆشـــاردنەوەیان نەبوە، بۆیە لەکاتی بیســـتنی دەنگی فڕۆکە چونەتە دەرەوەی ماڵەکانیان، فڕۆکەکان بۆردومانیان کردون، (Deschner, 1991: 230).

لە نەخۆشخانەی چۆمان لە ساڵی (1974) ڤالسترۆم ئافرەتێکی دەڤەری بادینانی بە برینێکی سەختەوە بینیوە، ترسان و ماندو بون و شەکەتی لە ڕوخساری ئەم ئافرەتەدا هەستپێکردوە، جگە لەوەی لە گوندێکی ڕۆژئاوای بامەرنێ دوای کۆتاهاتنی بۆردومانی فرۆکە، ئافرەت و منداڵانی بینیوە لە ئەشـــکەوتەکاندا ماونەتەوە و بە دار و چەندین گەڵا کەپریان دروستکردوە، ڤالسترۆم پێیوابوە پیاوان لە ناوجەرگەی شەڕ هێندەی ئافرەت و منداڵان ئازار نابینن، وتەیەتی "لەگشـــت شــەڕەکاندا ئافرەت و منداڵ زەرەرمەندی گەورەن" (Wallström, 1975: 26,27,36,69)، لەپاڵ ژیانی ئاوارەیی ســـاڵانی 1974-1975 چەندین ئافرەت بە بۆمبای ناپاڵم سوتاون، چەندین ئافرەتی تر جەستەیان بریندار بوە(دیشنر، 2014: 353،354).

ڕۆژئاواییەکان لەسـەردەمی شـۆڕشـدا شیکردنەوەیان بۆ باری دەرونی و تەندروستی ئافرەتان کردوە، (شـمیدت) لە ناوچەی(هیران) قیژە و هاواری ئافرەت و منداڵانی بیسـتوە، تێبینیی باری دەرونی کردون کە لە ترسـاندا شـڵەژاون (Schmidt,1964:226)، لە پاڵ ئاماژەیان بۆ ڕوداوەکانی سـاڵانی 1974-1975 و ژیانی ئاوارەیی کردوە کە تیایدا چەندین حاڵەتی لەبارچونی ئافرەتی سکپڕ بینراوە کە هۆکارەکەی دەرونی بوە و لە ئەنجامی ترس و دڵەراوکێ بوە(دیشنر، 2014: 354).

جگە لە ئافرەتانی ناوچە ئازادکراوەکاندا، ڕۆژئاواییەکان چارەنوسی ئافرەتانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتیشــیان ئاماژەپێکردوە، کە بونەتە قوربانی شــۆڕش و پەرەســەندنەکانی، لەتەموزی ســاڵی1963 لەشــاری کۆیە ئافرەت و کچانی گەنج دەســتدرێژیان کراوەتە ســەر (ڕاســتگەلدی، 2004:94)، لە ســاڵی 1969 چارەنوسی چەندین ئافرەتی ئاشوری لە مەترسی دابوە، دوای ئەوەی لەلایەن سەربازانی عێراق بە ئۆتۆمبیلی نیزامی بۆ شـــوێنی دور ڕەوانـە کراون و نـاچـارکراون بـەنێو مین دا بڕۆن، زۆرێکیـان لـەم بارودۆخە بەدەست برسـیەتی و تێنویەتی ناڵاندویانە، جگە لە دەسـتگیرکردنی چەندین ئافرەتی تر کە خزم و کەسی نزیکیان پێشمەرگە بووە (Deschner, 1979:312) .

ڕۆژئاواییەکان تایبەتمەندیەکی جوانیان لەســەردەمی شــۆڕشــدا لە ئافرەتی کورد بەدیکردوە، لەدیدی ئەواندا لەگەڵ ئەم هەمو بارودۆخە ســەختەی ژیاندا، ئافرەت ورە بەرز و خۆڕاگربوە، باوەڕی بە کێشــەی میللەتەکەی بوە، بۆیە بەم بارودۆخە سەختەی ژیانی ڕازیبوە. بە بۆچونی (شـــــــــمیدت) پشودرێژی و ئارامگرتنی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەی ئەشــکەوتدا لە بەهای نیشــتمانپەروەری ئافرەت ســەرچاوەی گرتوە، پێیوابوە ئەم پاڵپشــتی و خۆراگریە بەهۆی هۆشـیاریی نەتەوایەتی بوە، لە دیدی ئەودا توانای بەرگە گرتنی ئافرەت لە ڕادەی ســروشــتی بەدەر بوە، کاتێک ژیانی خەڵکانێکی لە ئەشــکەوتێکدا بەســەرکردۆتەوە، لە ئافرەتێـکی پرسیوە تاکەی لە ترسی بۆردومان ڕادەکەن و لەم ئەشکەوتانە ژیان بەسەردەبەن کە مەترسی لەسەر گیــان و تەندروســـتی و سەلامەتی خێزانەکانتان هەیە؟ لە وەڵامدا ئافرەتەکـــە پێیوتوە زستانێکی

زۆر ســـــــاردە بە نائارامی لەم ئەشکەوتــە دەژین، بەڵام دەتوانین بەسەر سەختی هەمو ئەم بارودۆخانەدا زاڵبین (Schmidt،1964:36,167, 167).

(ئیگیل ئۆلاتیا) خۆڕاگری ئافرەتی کوردی بەرز نرخاندووە، نووسـیویەتی: پیاوی کورد کە لە سـەنگەرن بەرامبەر دوژمن پشــت بە ئافرەتەکانیان دەبەســتن، ئافرەتەکانیش خۆیان و منداڵەکانیان دەپارێزن (ســالّح، بەدرەددین، 2018: 273)، (ڤالســــترۆم) کاتێک لە گوندی وەلزێ ئافرەتێکی 25 ســـــالانی بەناوی (ژیان) بینیوە، لەگەڵ هەمو نەهامەتی ئەم ئافرەتە، بەڵام ئەو لەبەختی خۆی ڕازیبوە، لە بۆردومانەکەی قەلادزە ئافرەتێک بەبرینێکی ســەختەوە لە نەخۆشــخانەی ســەردەشــت، بۆ مەرگی دو منداڵەکەی شـیوەنی گێڕاوە، بەڵام تەنها بیرخستنەوەیەک بە گیان لەدەستدانی هەزاران کورد لەپێناو سەربەخۆی کوردستان، ئارامی و خۆڕاگری لە ئافرەتەکەدا دروســـتکردوە (Wallström,1975: 110)، واتە شـــۆڕشـــی ئەیلول هۆکارێکی دروستبونی ڕۆحی تێکۆشان و بەرجەستەکردنی گیانی خۆبەختکردنی ئافرەتی کورد بوە (برزنجی, 2007: 313).

**ئەنجام:**

1- ئازادی ئافرەت لە سەدەی (19) باس و بابەتێکی سەرەکی گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان بوە، بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بەهۆی ڕوداوەکانی شەڕ و نائارامی بارودۆخ ئافرەت ئازادانە هەڵسوکەوتی نەکردوە، بۆیە ئەم ئازادیە وەک بابەتێکی بەرچاو باسنەکراوە، بەڵکو کەمتر ئاماژەی پێدراوە، ئەمەش دەریدەخات کە ئافرەت لە سەردەمی شۆڕشدا ئازادیەکی ڕەهای نەبوە.

2- لە دیدی ڕۆژئاواییەکاندا ئافرەتان بە ئاگاییەوە هەڵسەکەوتیان کردوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیانیدا دورەپەرێز بون، جگەلەوە شەرمیان لە ئافرەتی کوردا وەک خەسڵەتێکی زاڵ بەدیکردوە، لەم لایەنە ڕۆڵی (پیاو سالاری) و بیرکردنەوەی ئەم کاتی کۆمەڵگەیی کوردیان بە فاکتەری سەرەکی دەستنیشانکردوە.

3- ڕۆژئاواییەکان ئاکار و دیمەنی ئافرەتیان بەلاوە جوان بوە، وەسفێکی جوانیان بۆ ڕوخسار و شێوازی جلوبەرگی ئافرەت کردوە، لە هەندێک کاتدا لە بارودۆخێکی سەخت و نەخوازراودا ئافرەتیان وەک دیمەنێکی جوان وێناکردوە.

4- بە بۆچونی ڕۆژئاواییەکان ئافرەتان چارەنوسێکی هاوبەشی نادیاریان هەبوە، بەهۆی ڕوداوەکانی شۆڕشەوە تەنیایی و تراژیدیاکانی بۆردومان و ژیانی ئەشکەوت و لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان بینیوە و ژیانێکی سەخت و دژواریان چەشتوە.

5- تواناکانی ئافرەت ڕۆژئاواییەکانی سەرسامکردوە، لە کاتی پەیوەندیکردنی مێردەکەی بەشۆڕشەوە، وەک هەڵسوێنەری سەرەکی ماڵەکەی هەڵسوکەوتیکردوە، بەرپرسیاریەتی و ئەرکی سەرشانی قورسبوە، بارگرانی بارودۆخی ژیانی شەڕ و ئاوارەیی لەئەستۆ گرتوە.

6- لەسەردەمی شۆڕشدا ڕۆژئاواییەکان کەسایەتیەکی چالاک و خۆڕاگر و ورەبەرزیان لە ئافرەت بەدیکردوە، بە تێڕوانینی ئەمان ئافرەت بە سەختی دۆخی ژیان قایڵ بوە، باوەڕی بە دۆزی میللەتەکەی بەهێز بوە، توانا و خۆراگری لە ڕادەبەدەری ئافرەتیان بە ئاستی هەست بەرزی نیشتمانپەروەری پەیوەستکردوە.

7- گرنگیدان و سەرنجی ڕۆژئاواییەکان زیاتر بۆ پێگە و ئاکار و کەسێتی ئافرەت بوە، چالاکی سیاسی ئافرەتیان فەرامۆش کردوە، لە خەباتی چەکداریشدا ڕۆڵی ئافرەتیان بەرز نرخاندوە.

## Women From the Viewpoint of Westerners in the time of Aylul Revolution (1961-1975): analytical and evaluative

**Hero Abdulla Omer[1]- Rasoul Muhammed Rasoul[2]**

[1+2] History Department, College of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Western writers have appreciated the role of women who had a crucial position in their own societies. This perspective is related to the nature of their society, which the west have always valued women. They believe in the significant role that women could play in society and influence on revolutions and events in different eras and circumstances. The Aylul Revolution of Iraqi Kurds, as a turning point in their contemporary history, has been a matter of debate to the Westerners. They visited the areas of Iraqi Kurdistan which had been liberated by the revolution and paid attention to the role that people from different communities, played, including women. Women had been delt as significant members of society. Thus, the Westerners have expressed their views on women from different aspects

of life. While that times were very tough for women and there were lots of obstacles and challenges, they complemented and helped men during the revolution.

**Keywords**: Women, Westerners, Aylul Revolution.

## لیستی پەراوێزەکان:

1 کلۆدیس جیمس ریچ:سەرپەرشتیاری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی بوە، لە ساڵی (1808) وەکو موقیمی سیاسی بەریتانی لە بەغدا دەستبەکاربوە، لە نیسانی (1820) گەشتێکی یەک ساڵەی تایبەتی بۆ کوردستان کردوە، دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ میر و سەرۆک هۆزە کوردەکاندا کردوە، گەشتەکەی لە ژێر ناوی (گەشتنامەی ریچ)بڵاوکراوەتەوە، لە (1821)کۆچی دوایی کردوە، (ئەحمەد، 2014: 59،58).

2 دانا ئەدامز شمیدت: لەساڵی (1915) لەدایکبوە، بۆ ماوەی سێ دەیە پەیامێری ڕۆژنامەی نیویورک تایمز بوە، ڕوماڵی ڕوداوەکانی ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کردوە، وەکو پەیامێر لە ڕۆژنامەی یونایتد پریس کاری کردوە، لەسەردانەکەی بۆ کوردستانی باشور لەبارەی یاخیبونی کوردەکان کتێبی (سەفەرێک لە نێوان پیاوە ئازاکانی کوردستان )ی دەرکردوە، بەهۆی ڕاپۆرتکردنی هەواڵ و ڕوداوەکانی ئەم سەردانەی خەلاتی جۆرج پۆلکی وەرگرتوە، لەساڵی 1994 کۆچی دوایی کردوە، https://groveatlantic.com/author/dana-adams-schmidt/ ,14/4/2022 10:12PM

3 دەیڤد ئەدامسن: ڕۆژنامەنوسێکی بەریتانییە، کاری پەیامنێری بۆ ڕۆژنامەیی (دەیلی تلگراف)ی لەندەنی کردوە، لە ساڵی 1962 سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی کردوە، لە 15 ئابی هەمان ساڵدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارزانیدا کردوە، (حسن، 114:2016).

4 ئەندازیاری ئەڵمانی، بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە لە ساڵی 1954 سەردانی کوردستانی باشوری کردوە و تیایدا ماوەتەوە تا 1963، هاوڕێ و دۆستی کوردەکان بوە، چەندین یادەوەری لە بارەی ئەم نەتەوە لە شێوەی یاداشت تۆمارکردوە، (ویتمان، 2009: 10،9).

5 ڕۆژنامەنوس و نوسەری سویدی لە ساڵی 1928 لە شاری کاترینهۆڵم لەدایکبوە، لە ساڵی 1955 تا 1973 لەشاری مالمۆ وەک پەیامنێر لە (هیمێتس جۆرنال) کاریکردوە، لەسەر شەڕ و وێرانکارییەکانی چەندین کتێبی دەرکردوە بەتایبەتی لەبارەی ئەمریکای ناوەڕاست و زامبیا و شەڕی بیافرا، لە ساڵی 1968 بەهۆی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانیەوە خەلاتێکی گەورەی ڕۆژنامەنوسی وەرگرتوە، https://www.bblat.se/2017-03-15/minnesord-tord-wallstrom-hade-varlden-som-arbetsfalt. 28/4/2022,4:32 PM

6 نوسەرێکی ئەمریکیە، لە زانکۆی منیوتا پلەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بۆ ماوەی سێزدە ساڵ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ژیانی بەسەر بردوە، بەتایبەتی لە عێراق و تورکیا، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کوردەکان هەڵسوکەوتی کردوە و چەندین لایەنی لە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری ئەم نەتەوە باسکردوە، (ال برینمان، 2021: 5).

7 ڕۆژنامەنوس و پەیامنێر و نوسەری فەرەنسی، لە ساڵی 1921 لە (میرانۆل بۆرگنۆناک) لەدایک بوە، لە 1945 وەکو پەیامنێری جەنگ لە ئەلمانیا کاریکردوە، لە ساڵی 1949 پەیوەندی بە ڕۆژنامەی La Republique du Sud- Ouest کردوە و تەواوی ژیانی ڕۆژنامەوانی لەوێ بەسەربردوە، لەپێناو ڕومالّکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی جەنگ سەردانی هیندوچین، جەزائیر، ئێران، کوردستانی کردوە لە ساڵی 1991 کۆچی دوایی کردوە، https://www.babelio.com/auteur/Rene-Mauries/90531 25/4/2011,11:20 AM.

8 سەلاحەدین ڕاستگەلدی: پزیشکێکی کوردی کوردستانی باکور بوە، ساڵانێکی زۆر ژیانی لە وڵاتی سوێد بەسەر بردوە، بۆ ئاگاداربون لە ڕەوشی شۆڕش لەلایەن وەک نوێنەرێکی بێلایەنی کۆمیتەی کوردی سوێدی بۆ سەفەری کوردستانی باشور ڕاسپێردراوە، لە کاتی گەرانەوەی دا ڕاپۆرتێکی لەبارەی بارودۆخی شۆڕش و کوردەکان بڵاوکردۆتەوە، (هەینی، 2021: 128،127).

9 بارمتەیەکی دارایی بوە کڕین وفرۆشتنی ئافرەتی پێکراوە، برێک پارە یان پارچەیەک زەوی یان کیلّگەیەک یا پارچە چەکێک و هەندێ جار باخێک بەناوی شیربایەوە لە بەهای ئافرەتەکە وەرگیراوە، کە بەپێی ناوچە یان دابونەریتی تیرەگەری نرخ بۆ ئافرەتەکە دانراوە، (قانع، 1979: 28).

10 بـارمتـە کردنی دو ئـافرەت بوە لـە بری یـەکتری، یـاخود ئـاڵوگۆڕکردنی دو ئـافرەت بوە لـە نێوان دو بنـەمـالأە، ئـەم هاوســـەرگیریە زیاتر لە نێوان دو خێزانی یەک تیرە یان یەک لادێ ئەنجامدراوە و زۆرترین کێشـــەی بەدوی خۆیدا هێناوە، چونکە هەریەکێک لە لایەنەکانی پرۆسـەکە گرفتێکی هەبوبێت ڕاسـتەوخۆ کاریگەری بەسـەر لایەنەکەی تر هەبوە، (جاوشـلی، 1970 :84).

11 شــێوازێکی تری ئافرەت بە ئافرەتی بوە، لەم ڕێکەوتنەدا کچێکی منداڵ کراوە بە بارمتەی بەشــودانی کچێکی هەرزەکار، واتە کچە منداڵەکە بۆ کورێکی منداڵ دانراوە لە بری بە پێدانی کچە هەرزەکارە بە کورێکی هاوتەمەنی خۆی، لە هەندێک حاڵەتی تردا باوک کچی خۆی ئەدا بەئافرەت بۆخۆی، ئەم شـێوازە کێشـەی زۆر زیاتری لە ئافرەت بە ئافرەتی لێکەوتۆتەوە، (قانع، 1979: 30).

12 لەئەنجامی حەزو ئارەزوی کچێک و کورێک بۆ پێکهێنانی پرۆســـەی هاوســـەرگیری و ناحەز و ئارەزوی پێکهێنانی پرۆســـەی هاوســـەرگیری وناڕەزایی بنەماڵەی کچەکە ڕویداوە، کورە بێ ڕەزامەندی ماڵی کچەکە پرۆســـەکەی پێکهێناوە، هەندێک جار کێشـەی گەروەی نێوان دو بنەماڵەی لێکەوتۆتەوە و هەندیک جاریش بە ڕیکەوتنی هەردولا کێشـەکە چارەسـەر کراوە، (جاوشلی، 1970: 85).

13 تیایدا ئافرەت کراوە بە ئامرازێک بۆ ئاشـتبونەوەی دوبنەماڵەی دوژمندار کە لە لایەن بنەماڵەی بکوژەوە لەبری کوشـتنی کەسێک دراوەتە ماڵی کوژراوەکە، (قانع، 1979: 31).

14 یاســـاییێک بوە چەند بڕیارێکی ســـەبارەت بە ڕێزگرتن و پاراســـتنی مافی ئافرەتان لەخۆگرتوە، بەنمونە قەدەغەکردنی بەشودانی بەزۆری کچان و حەرامکردنی ئاڵوگۆڕی گەورە بە بچوک و دانانی سنورێک بۆ مارەیی و دیارکردنی برەکەی کە لە (100) دینار تێپەڕنەکات، ئەم هەنگاوەی سـەرکردایەتی شـۆڕش لە کەمکردنەوەی کێشـەی تایبەت بە ئافرەتان تارادەیەک ڕۆڵی بینیوە. (محمد، 2021: 214، 213).

15 ئافرەتێکی کوردی فەیلی بوە، لە کۆنگرەی دوەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە (25 ی ئەیلولی 1970) بە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان دەســتنیشــانکراوە، هەر لە هەمان ســاڵدا کراوتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، (قەرەداغی، 2018: 85،84).

16 ئیلۆن ئالبێک: قەشـــەیێکی ســـویدی بوە، لە ســـاڵی 1970 وەک نوێنەرێکی پارتی ســـۆشـــیال دیموکراتی ســـوێد بۆ بەشـــداریکردن لە کۆنگرەی (8) پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ســـەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی شـــۆڕشـــی کردوە(ئەمین، 2017: 119، 122)

17 توێژەرێکی مرۆڤناسی ئەمریکییە، لە ساڵی 1951بەمەبەستی ئەنجامدانی لیکۆڵینەوە سەرپەرشتی نێردەیەکی مرۆڤناسی ئەمریکی بۆ کوردستانی عێراقی کردوە، لە ساڵی 1952 لە دوبەرگدا توێژینەوەیەکی قوڵی لەبارەی مرۆڤناسی پیشکەش بە زانکۆی هارڤارد کردوە، (فیلد، 2012: 5).

18 گوینتەر دێشنەر: لە ساڵی 1941 لە شاری (فورت) لە دایک بوە، لە زانکۆی (ئێرلانگن نۆرنبێرگ) زانستە سیاسییەکانی خوێندوە، لە ســاڵی 1968 بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتوە، ســاڵانێکی زۆر بە کاری ڕۆژنامەگەری خەریک بوە و ئەزمونێکی چاکی لەم بوارەدا وەرگرتوە، تا ســـاڵی 2005 پلەی ســـەرۆکی بەشـــی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری لە گۆڤاری (دی ڤلێت) وەرگرتوە، چەند سەردانێکی بۆ ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردوە، لە سەردانەکەی بۆ کوردستانی باشور بە داکۆکی کردن لە بزوتنەوەی سەربەخۆیی کورد و کارەساتەکانی گەلەکەی سەرقاڵ بوە،(دێشنەر،1999: 307).

19 کچە پێشـــمەرگەیێکی ئاشـــوری بوە، لە ســـاڵی 1942 لە ناوچەی(بەرواری باڵا) لە باکوری دهۆک لە دایک بوە، لە ســەرەتایی شــۆڕشــی ئەیلول پەیوەندی بە هێزەکانی پێشــمەرگە کردوە، لە چەندین شــەڕدا بەشــداریکردوە و ئازایەتی خۆی ســەلماندوە بۆیە لە شــەڕی دۆڵی زاویتە ئەرکی فەرماندەیی مەیدانی پێ ســپێردراوە، لە ســاڵی 1969 کۆچی دوایی کردوە، https://www.diroka-kurdi.com/2018/08/blog-post_30.html 7/1/2023,10:08 PM.

20 لە ســـاڵی 1412 لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنســـا لەدایکبوە، بە پاڵەوانی نەتەوەیی لە فەرەنســـا ناسراو بوە، دوای بەدەستهێنانی چەندین دەسکەوت وسەرکەوتن لەشەڕی سەد سالە ی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، لە ساڵی 1431دوای بـــڕیـــاری دادگـــای ئـــیـــنـــگـــلـــیـــز کـــۆتـــایـــی بـــە ژیـــانـــی هـــێـــنـــراوە، 5/1/2023,8:35 PM https://artsandculture.google.com/entity/m046mm?hl=ar.

21 ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1952 تا 1958 کاروچالاکیەکانی بە نهێنی ڕاپەڕاندوە، لەئەنجامی شۆڕشی 14 تەموزی 1958 مۆڵەتی فەرمی وەرگرت، چەندین بارەگای لە شـــارەکانی کوردســـتان دامەزراند، بەهۆی بەرپابونی شـــۆڕشـــی ئەیلول چالاکیەکانی بەنهێنی بەردەوامی پێدراوە، دابینکردنی پێداویســـتیەکانی پێشـــمەرگە لە خواردن و جلوبەرگ و پێخەف و تەقەمەنی و دەرمان ئەرکە ســەرەکیەکانی ئەم ڕێکخراوە بو، لە ئەنجامی ڕێکەوتنامەی 11 ئازاری 1970 دوای ڕێگەپێدانیان لە لایەن حکومەتی عێراق لە ســاڵانی 1970-1974 کاروچالاکیەکانیان بە ئاشــکرا لەچەندین ناوچەی عێراق و کوردســتاندا ئەنجامداوە، (نانەکەلی، 2016:177).

22 ئەم ئافرەتانە دوای ئەنجامدانی هاوســـەرگیری لەگەڵ یاوەرانی بارزانی لە یەکێتی ســـۆڤیەت لە ئەنجامی شـــۆڕشـــی گەلاوێژی 1958ی عێراق، لەســاڵی 1959 لەگەڵ هاوســـەرەکانیاندا هاتونەتە عێراق، واپێدەچێت لە ڕێگای گەڕانەوە بەهۆی

هەستکردن بە چارەنوسێکی نادیار جۆرێک لە دڵەڕاوکێ بە ڕوخساریان دیاربوبێت، لە 1959/4/17 کاتێک بارزانی چۆتە پێشوازی یاوەرەکانی لەشاری بەغدا هەندێک لەم ئافرەتانەی بینیوە، بەزمانی ڕوسی بەخێرهاتنی کردون، وەکو باوکی ئەوان خۆی پێناساندون و بەڵێنی پێداون ئەوەی لە توانایدا بێت بۆیان بکات، ئەم هەڵوێستەی بارزانی مایەی خۆشحاڵی و ئاسودەیی ئەم ئافرەتانە بوە.(عەلی 2019:134).

## سەرچاوەکان


ئەمین، کاوە، کورد لە دیدی سوێدییەکانەوە، چاپخانەی تاران، (سلێمانی:2017)

ئالبێگ، ئیلۆن، گەشتێک بۆ کوردستان وەرگێڕانی: کاوە ئەمین، چاپخانەی کارۆخ،(سلێمانی:2013)

ئەحمەد، سامان حوسێن، مێژوی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیدا 1900-1950، چاپخانەی موکریانی، (هەولێر: 2014)

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژودا، چاپخانەی الحوادث، (بەغدا-1981)

برونەسن، مارتین ڤان، ئاغا وشێخ ودەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، (سلێمانی: 2010)

بایەزیدی، مەلا مەحمود، داب و نەریتی کورد، وەرگێڕانی: شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، چ 2، چاپخانەی پەنجەرە، (تاران:2015)

حمە شریف، هاوکار کریم(2012)، شۆڕشی ئەیلول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل، ڕۆژانێ لە مێژوی شۆڕشی ئەیلول، نوسینگەی تەفسیر، (هەولێر:2016)

چالی، کرمانجێ، تایبەتمەندیەن کەسێ چەکدارێ شۆرەشگەرێ کورد، ئەنسکلۆپیدیای پارتی دیموکاراتی کوردستان، (دهۆک: 2021)

دیتمان، کارستن، باوەڕیا خوە ب پەنجەیا شێرێ بینە، وەرگێرانی: عزالدین ناسو، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، (دهۆک:2021)

دێشنەر، گوینتەر، کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێ کراو، (هەولێر: 1999)

ڕیچ، کلۆدیس جەیمس، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر: 2012)

ڕەحمانی، وریا، شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، ناوەندی ڕۆشەنبیری ئەندیشە، (سلێمانی، ب.س.چ)

ڕاستگەلدی، سەلاحەدین، شەڕە لەبیرکراوەکە، وەرگێڕانی: کاوە ئەمین، دەزگای ئاراس، (هەولێر: 2004)

سندی، بەدرخان، کۆمەڵگەی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، وەرگێڕانی: یسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، (دهۆک، 2008)

سالح، بەدرەددین، گەشتێکی ڕۆژنامەڤانی بۆ کوردستان ساڵی 1975، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، 2018)

عەلی، شەریف، جولانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان 1961-1982 لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، و: پاسار شێرکۆ، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردسان، (دهۆک: 2021)

عەلی، ڕوخۆش، مێژوی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، ب..چ، (سلێمانی:2015)

فلیپس، دەیڤد، بەهاری کوردی، وەرگێرانی: سیروان حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر:2016)

قەرەناوی، بەشدار عمر، ڕۆڵی سیاسی و کۆمەلایەتی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا 1921-1958، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر : 2022)

قەرەداغی، مەهاباد، ئافرەتیزم (مێژوی تێکۆشــان بۆ مافی یەکسـان لە باشـوری کوردسـتان 1918-2018)، چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، (ن.ش.چ:2018)

قانــع، برهان، بنچینە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتانی لادێ نشینی کوردەواری، چاپخانەی ئیرشاد، (بەغدا: 1979)

کرینبروک، فیلیپ، کەلتور وناسنامەی کورد، وەرگێرانی: وریا ڕەحمانی، چاپی دوەم، چاپخانەی تاران، (ب.ش.چ: 2022)

عەلی، ڕەشید مەلا، ژیان و بەرخودان د پارزینکێ هەڤاڵێ بارزانیە نەمر (کازم شانەدەری) دا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، (هەولێر:2019)

مستەفا، بەختیار شێخ، کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا 1966-1979، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شڤان، (ب.ش.چ: 2017)

مستەفا، حوسێن، ڕواندز لە ئێستا و ڕابردودا، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر : 2013)

محمد، شـیرزاد زکریا، ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشـی ئەیلول لە کوردسـتان-عێراق، وەرگێرانی: هەندرێن شـێرزاد، ئەنسـکلۆپیدیایی پارتی دیموکراتی کوردستان، (دهۆک:2021)

نانەکەلی، ئاری فاروق، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و شـۆڕشـی ئەیلول لە نێوان سـاڵانی 1961-1975، چاپخانەی Ravza، (هەولێر:2016)

هەنسن، هێنی هەرۆڵد، کچانی کورد، وەرگێرانی: ناخی عەباس ئەحمەد، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، (بەغدا، 1980)

هەینی، شێرزاد، جەمال عەلەمدار یەکەمین هەولێری لە سوید بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، چ1، ب.چ، (ستۆکهۆلم:2021) چاپخانە؟

هاواری، سەفەر کەریم، ڕۆڵی ئافرەت لە قۆناغی پێشمەرگایەتیدا، چاپخانەی شەهاب، (هەولێر:2011)

أحمد، فؤاد قادر، المجتمع الكوردى على شاشات پانوراما التأريخ، مطبعة ڕوژهەلات،(اربيل: 2015)

أل برينمان، ڕوبرت، أقوياء قوة جبالهم رحلة في الثقافة الكردية، ترجمة:عبدالسلام النقشبندى، مطبعة أراس، (أربيل:2010)

أيغلتون، ويليام، القبائل الكردية، ترجمة: أحمد خليل، د.م، (د.م.ط: 2006)

برزنجى، عبدالحميد على سعيد، دور ثورة أيلول 1961-1975 في حركة التغير الاجتماعي، مطبعة حجى هاشم، (أربيل:2007)

برتولينو، جان، الكورد موطنهم و تاريخهم الموعود الذى تمناه الشـاعر احمدى خانى، أعداد: جميل محمد مصـطفى، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، (دهوك: 2007)

جالياند، جيرارد، المأساة الكوردية، ترجمة: عبدالسلام النقشبندى، دار اراس، (أربيل: 2012)

جاوشلى، هادى رشيد، الحياة الاجتماعية فى كردستان، مطبعة الجاحظ، (بغداد:1970)

ديشنر، غنثر، الكرد شعب بدون دولة تاريخ و أمل، ترجمة: جورج كتورة، دار أراس، ط1، (أربيل:2014)

عثمان، محمود أحمد، مصابيح و ظلمات، دار الفارس للنشر والتوزيع، (عمان:2011)

غازى، علي عفيفي على، كتابات الرحالة حول مجتمع البدو في العراق والجزيرة العربية، قنديل للطباعة، ط1، (دبي: 2020)

فيـلد، هنرى، جنوب كردستان دراسة أنثروبولوجية، ترجمة: جرجيس فتح اللة، دار أراس لطباعة، (أربيل: 2012)

كوتشيرا، كريس، مسيرة الكرد الطويلة، ترجمة: ديانا حبيب حرب، دار أراس للطباعة و النشر، ط1، (أربيل:2014)

محمود، أبراهيم, قطاف التاريخ مشـاهد ثقافية للثورة الكوردية (دراسـة فی نصـوص مترجمة عن الفرنسـية), انسـكلوبيديا الحزب الديمقراطی الكردستانی و جامعة دهوک, (دهوک: 2021)

ويتمان، برناد، ڕسائل من كردستان 1954-1963، ترجمة: غسان نعسان،مكتبة الفكر و الوعی للاتحاد الوطنی الكردستانی، (د.م، ط: 2009)

Adamson, David, the Kurdish war, Janson type, (London: 1964)

Deschner , Gunther, Die Kurden Das betrogene Volk, Ullstein, (Berlin: 1991)

Hansen, Henny Harald, The Kurdish Womens Life, Andelsbogtrykkeriet, (Odense: 1961)

Haraldsson, Erlendur, Land Im Aufstand Kurdistan, (Hamburg: 1966)

Mauries, Rene, Le Kurdistan ou la mort, (France:1970)

Mustafa , Awat, The Soul of the Mountains, Roksana printing, (Hawler: 2021)

P.Donovan, Richard, A Case Study of Cultural Ethnicity and Enduring Social Patterns The Kurds of Iraq, , Princeton university, (USA: 1990)

Pradier, Les Kurdes revolution silencieuse, Ducros, (Bordeaux: 1968)

Schmidt , Dana Adams, Journey among Brave Man , Boston, Little Brown and Company,(1964)

Wallström , Tord, Bergen är vara enda vänner, Beyronds AB, (Malmö: 1975)

عوسمان، بەهرۆز بەکر، ژن لە دیدی کوردناساندا لەسەرەتایی سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، (2022)

Muhammad, Qadir, Kurds and Kurdistan in the View of British Travellers in the Nineteenth Century, PhD, University of Leicester(2017)

ئێگیل ئۆلاتیا، فیلمی دۆکیۆمێنتاری پێشمەرگە شەماڵێک لە چیاکانەوە (نەرویج، تەلەفزیۆنی NRK 1975)، https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_09092016، 2021/9/12، pm9:10

Documentary by cameraman in Kurdistan during 1974 war with Iraq https://youtu.be/R870Ipg5GJM , 10-12-2021, 5.45pm

https://groveatlantic.com/author/dana-adams-schmidt /14/4/2022, 10:12PM

https://www.babelio.com/auteur/Rene-Mauries/90531 25/4/2022,11:20 AM

https://www.bblat.se/2017-03-15/minnesord-tord-wallstrom-hade-varlden-som-arbetsfalt 28/4/2022,4:32 PM

https://artsandculture.google.com/entity/m046mm?hl=ar5/1/2023,8:35 PM

https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/pencamor---fransa-lova---b2/17072022113914 16/7/2023, 11.30 PM

https://www.diroka-kurdi.com/2018/08/blog-post_30.html7/1/2023,10:08 PM